کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم    ژمارەی ١٩٣    نیوەی ئەوەڵی گەلاوێژی ١٣٨٣- جولای ٢٠٠٤


# بێدادگای کۆماری ئیسلامی لەدژی کرێکارانی شاری سەقز

لەگەڵ نزیك بوونەوەی رۆژی دادگایی کردنی کرێکارانی شاری سەقز بە "تاوانی" بەرپا کردنی، جەژنی جیهانی کرێکاران، شەپۆلیك لە هاوپشتی جیهانی لەو کرێکارانە و لەدژی کۆماری ئیسلامی و بێدادگاکانی کەوتوەتە رێی، رێکخراوە کرێکاری‌یە جیهانی‌یەکان، چەندین رێکخراوی کرێکاری لە وڵاتانی جۆراوجۆر، کۆمۆنیستەکان و لایەنگرانی چینی کریکار لەناو ئۆپوزیسیونی کۆماری ئیسلامی‌دا و لە دەرەوەی ولات، لەم هەڵمەتە جیهانی‌یەدا بەشدران. بەپێی دوایین هەواڵ رژیمی ئیسلامی چەند رۆژێك بێدادگاکەی خستوەتە دواوە.

لەم پەیوەندی‌یەدا، راگەیاندنی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە لە لاپەرەی ٢دا دەخوێننەوە.

بروانە ل ٢

# کونگرەی ١١ی کۆمەڵە، پوختەی باس و پەسەند کراوەکانی لە وتوویژێك دا لەگەڵ هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە




**رادیو کۆمەڵە:** *هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە ویرای سپاس بۆ بەشداری کردنتان لەم گوفت و گۆیە، چەند رۆژ لەمەوبەر راگەیاندنی کۆتایی کونگرەی یازدەی کۆمەلە لە رادیوی دەنگی شۆرشی ئیران، رادیو کۆمەلەوە بلاو بوەوە. لە سەرەتای ئەم گوفت وگۆیەدا و پش ئەوەی بچینە سەر پرسیاری دیاری کراو سەبارەت بە ناوەرۆکی قسەوباس و پەسەند کراوەکانی ئەم کونگرەیە، دەمانهەوێ لە پیش دا بزانین کە جیگا و شوینی ریکخراوەیی ئەم کونگرەیە چیە و لەم بابەتەوە چ ئاکامیکی هەبووە؟*

**ئیبراهیمی عەلیزادە:** عەرزی سلاوم هەیە بۆ ئیوە و بۆ هەموو گوێگرە بەریزەکانی ئەم رادیویە. کونگرەی یازدەی کۆمەلە کونگرەیەکی

بروانە ل ٣

# بریارنامەی کونگرەی ٨ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە بزووتنەوەی کرێکاری ئێران

بروانە ل ٣

# نەبوونی دەرفەتی کار بۆ ژنانی کرێکاری ئوستانی کوردستان

بەرپرسانی رژیم خۆیان ئیعتراف دەکەن کە ژنانی کریکاری ئوستانی کوردستان بەشیك لە هیزی کاری ئەم ئوستانە پیك دینن و لە هەلسەنگاندن لەگەل پیاوانی کریکاری ئەم ئوستانەدا لە دەرفەتیکی کەم و نالەباری کاری بەهرەمەندن. ئەوە لە حالیك دایە کە ٨٥ دەرسەدی پیاوانی کریکاری ئوستانی کوردستان لە دەرفەتیکی کاریان هەیە و تەنیا کەمتر لە ١٥ دەرسەدی دەرفەتی کاری بۆ ئەو ژمارە لە کریکارانی ژن کە خوازیاری کار کردنن بەدی دەکرێ، ئەویش لە هەل و مەرجیکی نالەبار و دژواری وەك کاری شەوانە و زیاتر لە ١٢ سەعات کار لە رۆژدا، کە ئەویش بە لە بەرچاو گرتنی بارودۆخی تایبەتی ژنان وەك بەریوەبردنی ئەرکەکانی ناومال و هەبوونی مەحدودیەتی تایبەت بۆ ژنان لە چوارچیوەی ناومال و لە شوینی کار.



# ١٦٦ کرێکاری کارخانەی "ریسەندگی" شاری سنە لەبەردەم بێکار بوون دان

رۆژی ١٥ی مانگی گەلاوێژ بەریوەبەرانی "کارخانەی چنینی" شاری سنە بریاریان داوە بە دانی بری ٧٠هەزار تمەن پارە بۆ حەقدەستی نیوەی ئەوەلی مانگی گەلاویژی کریکاران، داوایان لێ کردون ماوەیەك لەژیر ناوی پشوی هاوینی نەگەرینەوە سەر کارەکانیان. کریکارانی ئەو ناوەندە بەم بریارە نارازین و ئەوە بە سەرەتایەك دەزانن بۆ بیکار کردنی یەکجاری خۆیان.

# رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی سوریەی تاوانبار کرد

ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی داوای لە سوریە کردووە لە مردنی دووکەس لە زیندانیە کوردەکان بکۆلیتەوە، ریکخراوەکە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە کە دوو زیندانی کراوی کورد لەژیر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەست داوە، یەك لەوانەش "ئەحمەد مامۆ گەنجۆ"یە کە لەژیر ئەشکەنجەدا ئازاریکی زۆری پیگەیشتووە و سەری شکاوە و تووشی خوێن بەربوونی ناو میشك هاتووە و لەژیر کاریگەری ئەو برینانە گیانی لەدەست داوە، لە کاتیکدا بەپیی لیکۆلینەوەی ریکخراوەکە ئەو کوردە تەمەن ٣٧ سالەیە هیچ سەرپیچیەکی نەکردووە و تاوانیشی نەبووە و تا ئیستاش برایەکی دەستگیر کراوە. کوردیکی دیکەش بەناوی حوسین حەسەن لە زیندانەکانی سوریەدا گیانی لەدەست داوە و هەر خۆشیان ژیر خاکیان کردوە و ریگەیان بە خیزانەکەی نەداوە تەرمەکەی ببینن. ریکخراوەکە دەلی: بەپیی زانیاری ئیمە سوریە بەردەوامە لە گرتن و ئازاردانی کوردەکان و لەناو گیراوەکاندا ژمارەیەکی زۆر مندالیش بینراون. هەروەها بەپیی زانیاریەکانمان لە سالی ٢٠٠٤دا ٨ کەس لە بەندیخانەکانی سوریەدا گیانیان لەدەست داوە کە ٥ کەس لەوانە کوردن.

# کێشەی موقتەدا سەدر و گەمەکانی پشتەوەی شانۆی سیاسی لە عێراق

لەم رۆژانەدا بە بۆنەی روداوەکانی شاری نەجەف و هێرشی ئامریکا بۆسەر چەکدارەکانی سوپای مەهدی، جاریکی‌تر ئەو پرسیارە هاتوەتە گۆری کە رژیمی ئیسلامی ئیران لە روداوەکانی عیراق دا چ دەوریك دەبینی، یان روداوەکانی عیراق چۆن بۆ بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی بەکار دینێ؟

کەس گۆمانی لەوەدا نیە کە رژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران لە عیراق لە هیز و لە ئیمکاناتیکی دیاری کراو بۆ دانانی کاریگەری لەسەر روداوەکانی عیراق بەهرەمەندە. سەرچاوەی ئەم هیز و توانایی‌یە جەماوەری خەلکی شیعە لە عیراق نیە. رژیمی کۆماری ئیسلامی لە عیراق تەنانەت لەناو جەماوەری بە بیروباوەر شیعەش، رژیمیکی خۆشەویست نیە و توانای هەلخراندن و هاندانی جەماوەری لەم ولاتە و بەکار هینانیان بۆ مەبەستەکانی خۆی نیە. لەناوخۆی ئیرانیش دا فرمێسك هەلوەراندن بۆ شکانی حورمەتی حەرەمی ئیمامی عەلی بە مەبەستی خۆ شیرین کردن لەناو بیرورای خەلکی شیعەدا، کەلکیکی زۆری بۆی نیە.

کە وایە ئەوەندەی کە پەیوەندی بە رژیمی ئیرانەوە هەیە دەبی هۆکاری کیشمەکیشەکانی ئاشکرا و نەهینی ئەو رژیمە لەگەل لایەنە پەیوەندی دارەکان بە کیشەی عیراق لە شوینیکی‌تردا بدۆزینەوە. پیگەی جێکەوتوو و جیگای متمانەی رژیمی ئیران لە عیراق مەجلیسی ئەعلا و حیزب ئەلدەعوە لەشکری بەدرن. کاتیك کە ئەم لایەنە وەکو یەکیك لە بالە گرینگەکانی دەسەلاتی سیاسی داهاتوی عیراق حیسابی بۆ بکرێ ئەوە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی خۆی لە عیراق گەیشتووە و داهاتووی سیاسی عیراق نیگەرانی ناکات. لە مانگەکانی پیش روخانی رژیمی عیراق و لە هاوکاری و هاوئاهەنگی‌یەکی بەکردەوەدا لەنیوان دەولەتی ئامریکا و کۆماری ئیسلامی، ریگا بۆ بەشداری ئەم لایەنە لە دەسەلاتی سیاسی عیراقی دوای رژیمی بەعس خۆش کرا. بەلام بۆ هیچ کام لە لایەنەکان ئەو هاوکاری‌یە سەرراست و بێژانەسەر نەبوو و ململانێکی ژیربەژیری بەردەوام لە نیوانیان دا، لە کایەدا بوو.

کیشەی بنەمالەی سەدر کە خۆیان بە ریبەری سیاسی و روحی خەلکی شیعە لە عیراق دادەنێن و بنەمالەی حەکیم کە خۆیان بە تەنیا خاوەنی موقاومەت لە بەرامبەر رژیمی بەعس دا دەزانن، دەمیکە کە سەرەنجی سیاسەت داریژەرانی ئامریکای لە عیراق بۆ لای خۆی راکیشاوە. دەولەتی ئامریکا هەول دەدات ئەم ناکۆکیە لەپیناوی کەم کردنەوەی نفوز و دەسەلاتی بالی مەجلیسی ئەعلا و ئەلدەعوە بەکار بینی. چاوپۆشی کردنی ئاشکرای دەولەتی ئامریکا لە سەرەتاوە لە پیکهاتنی لەشکری مەهدی، بانگهیشتی پەیتاپەیتای سەدر بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی دەسەلات لە عیراق، بەشداری دانی بەکردەوەی ئایەتوللا سیستانی لە سیاسەتی رۆژ لە عیراق دا، ئەمانە هەمووی لە ناوەرۆکی واقعی خۆیان دا بەشیك لە مانۆری ئامریکا بوون بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری رژیمی ئیسلامی لەسەر روداوەکانی عیراق. بەلام دەزگاکانی تەبلیغاتی ئامریکا و دەزگاکانی تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامی هەرکامەیان بە مەبەستی تایبەتی خۆیان بەردەوام هەولیان داوە روی راستی روداوەکان لە خەلك بشارنەوە:

دەولەتی ئامریکا، سەدر و دارودەستەکەی هەم بۆ مەبەستی کورت ماوە و هەم بۆ مەبەستی دریژماوە بەکار دێنێ. مەبەستی کورت ماوە بریتی‌یە لە بەدەست هینانی سەرکەوتنی نیزامی بەسەر لایەنیکی لەروی نیزامی‌یەوە لاواز، بۆ ئەوەی دوای شکستی فەلوجە، کە رێژەی لایەنگری بووش لە کە کزی بوو، ئەم "سەرکەوتنە" دەرخواردی بەشیك لە خەلکی ئامریکا بدەن و بەری کەم بوونەوەی ریژەی لایەنگری لە بوش و لە هەلبژاردنەکانی ئەمسالی ئامریکادا بگرن. مەبەستی دریژماوە بریتی‌یە لە بەرز کردنەوەی سەدر لە ئاخوندیکی کەم ئەزمون و کەم تەمەنەوە تا ئاستی ریبەریکی سیاسی دژی داگیرکەر، وە بەمجۆرە ریگا گرتن لە یەك دەست بوونی بالی شیعە لە دەزگای دەسەلاتی داهاتووی عیراق دا. لیرەدا وەلامی ئەم پرسیارەش روون دەبیتەوە کە بۆچی دەولەتی ئامریکا کیشەی سەدر بە ئانقەست دریژ دەکاتەوە.

کۆماری ئیسلامی، کە لە کێشەی دابەش کردنی دەسەڵات داهەست بە دۆراوی دەکات، هەول دەدات لە ریگەی دۆستانی خۆی لەناو دەسەلاتی کاتی عیراق دا کیشەی سەدر زوتر تەواو بێ و لەوە زیاتر جێگاوشوێنی سەدر وەکو رەمزی موقاومەتی شیعە بەرامبەر بە ئامریکا سەقامگیر نەبێ. هەتا ئەمرۆکەش ئەوەی کە رژیمی ئیسلامی لە ئیران لە کێشەکانی لەگەل ئامریکا دەتوانی لەسەر شانۆی عیراق دا مەودای پێوە بکات هەر نفوزی جێکەوتوی ئەو لەناو مەجلیسی ئەعلا و ئەلدەعوە و بەدرە. دەولەتی ئامریکاش هەول دەدات لەم کیشەیەدا کۆماری ئیسلامی گران فرۆشی نەکات و تەنیا بەقەدەر توانا و دەسەلاتی خۆی ئیمتیاز وەربگرێ و بێدەنگ دابنیشێ.

بۆ رزگار بوونی جەماوەری خەلکی هەژار و بەش خوراو کە ئەمرۆکە لە عیراق بێدەنگ و چاوەروانی روداوەکان دانیشتوون و کیشەی دەسەلات دور لە دەنگ و ئیرادەی ئەوان کایەی پێ‌دەکری، چ ریگایەك دەمینیتەوە غەیری ئەوەی کە خۆیان بینە مەیدان و ریگا نەدەن بەمجۆرە ئەمپریالیستەکانی کۆنەپەرەستانی مەحەللی کایە بە چارەنوسی ئەوان بکەن.

## راگەیاندنی دەبیرخانەی ناوەندی کۆمەلە سەبارەت بە:
## دادگایی کردنی ژمارەیەك لە کرێکارانی خەباتگێری شاری سەقز

رژیمی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ لە رۆژانی داهاتوودا ٤ کەس لە کریکارانی تیکۆشەری شاری سەقز لە یەکیك لە بیدادگاکانی خۆیدا بکیشیتە بەردەم میزی موحاکمە. گرتنی ئەم کریکارانە لە رۆژی ١٢ گوڵانی ئەمسالدا لە حالیکدا بەریوە چوو کە ئەوان بە تەما بوون رێ و رەسمی رۆژی جیهانی کریکار، جەژنی چینایەتی خۆیان بەریوە بەرن. ئەوان دوای ئەزیەت و ئازار و بێحورمەتییەکی زۆر و ١٥ رۆژ زیندان و مانگرتنیکی ١١ رۆژە لە خواردن سەرئەنجام بە وەسیقەیەکی قورس تا زەمانەتیکی ٢٠٠ میلیون تمەنی لە زیندان ئازاد کران تا لە کاتیکی دیکەدا بیانکیشنە پای موحاکیمە کردن.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا بە شیوازی جۆراوجۆر کە هەموان لەگەلی ئاشنان دەستی کرد بە پەروەندە سازی بۆ ئەو کریکارانە و تاوانی هاوکاری کردن لەگەل کۆمەلەی داونەتە پالیان. رژیم دەیهەوێ لەم ریگایەوە ئەو کریکارانە بە تاوانی هەول دان بۆ بەریوە بردنی رێ و رەسم و جەژنی تایبەتی خۆیان، لە تەنیا رۆژیك لە سالدا کە تایبەت بەوانە، سەر لەنوێ زیندانی بکاتەوە. پەروەندە سازی، و پیلان گیری لەدژی تیکۆشەرانی خۆش نیو لەنیو جەماوەردا شیوازیکی ناسراوی رژیمی کۆماری ئیسلامییە. موحاکمە کردنی ژمارەیەك لە کریکارانی شاری سەقز بەمجۆرە بیانوانەوە نە یەکەم جارە و بێگومان ئاخر جاریش نابیێت. ئامانجی رژیمی سەرمایەداری ئیسلامی ئەوەیە کە لەم ریگایەوە بە خەیالی خۆی سەرجەم کریکارانی کوردستان چاوترسین بکات و بە نانەوەی فەزای ترس و نیگەرانی ئەوان لە بەدوادا چوونی خواستە رەواکانیان پاشگەز کاتەوە. رژیم دەیهەوی کە جەماوەری کریکاران لە ئاست سیاسەتە دژی کریکارییەکان کە هەررۆژە لایەنی تازەتر دەگریتە بەر، بێدەنگ و گوێ رایەل بن و ئەو بیدادگایەش هەر بەو مەبەستە بەریوە دەچێ.

ئیمە موحاکمە کردنی کریکارانی حەقخواز و ئەو بڕ و بیانویانەی کە رژیم بەدژی ئەوانی دەبی بە توندی مەحکوم دەکەین و داوا لە جەماوەری کریکار و سەرجەم خەلکی کوردستان دەکەین بەهەر شیوەیەك دەتوانن دیفاع لەو کریکارانە بکەن و نەهیلن رژیمی ئیسلامی بەمجۆرە، ئاوا بە روهەلمالاوی کایە بە ئەمنیەت و ژیانی کریکارانی حەقخواز بکات.

دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە

٢٦ی گەلاوێژی ١٣٨٣ هەتاوی

١٦ی ئاگوستی ٢٠٠٤ی زایینی

# بریارنامەی کونگرەی ٨ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە هەل و مەرجی ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری ئێران و رێکخراو بوونی

بارودۆخی تاقەت پروکێن و دژواری ژیان و فەلاکەتێکی بێ وێنەی ئابوری کە بەسەر چینی کرێکاری ئیران دا سەبارەت، راستی یەکی حاشاهەلنگرە، ژیانی لە سەدان هەزار بنەماڵەی کرێکاری تاڵ کردوە.

هەر چەند کە کرێکارانی ئیران لە ژێر سایەی نیزامی سەرمایەداری جیالە هەژاری و بێبەشی شتێکی دیکەیان پێ نەبراوە، بەلام داسەپاندنی ئەم هەل ومەرجی لە تاقەت بەدەرەی ئیستا بەسەر چینی کرێکاری ئیران دا تەنیا گۆشەیەك لە ئاسەوارەکانی سیاسەتی "تەعدیلی ئابوری" رژیمی کۆماری ئیسلامی و بورژوازی ئیرانە.

گرتنەبەری سیاسەتی نیئولیبرالیستی و پەیرەوی لە مودیلی گەشەی ئابوی لە سەر ئەساسی رێنوێنییەکانی ناوەندە مالی یەکانی جیهانی و هەوڵ دان بۆ تێکەلاوبونی هەرچی زیاتر لەگەل بازاری سەرمایەی جیهانی کە هاوکات بو لەگەڵ دەست پێکی رەوتی کەرتی تایبەت لە پێشەسازی و بێکار کردنی بەربلاو، نەیدەتوانی ئاکام گەلێکی جیالەوەی، هەبێ.

دەرهاویشتنی کارگاکانی چکۆلە لە شمولی یاسای کارو رەواج دانی کارلە سەر ئەساسی قەرارداده کاتییەکان یەکێکی تر لە ئاسەوارەکانی سیاسەتەی ئابوری رژیمی ئیسلامی و بورژوازی ئیران بۆوە کەبە میلیون کرێکاری بەرەو دۆخی کاری کویلەتی پال پێوەناوە.

سەرمایەداران و خاوەنانی پیشەسازی کە لە پشتیوانی بێئەم لاو ئەولای دەولەت بەهرەمەندن، بەمەبەستی کەڵەکەکردنی زیاتری قازانج و داسەپاندنی بارودۆخێکی غەیرە ئینسانیتر بەسەر کرێکاران، لەبواری حەقدەستەکان، دەرکردنەکان، بەکردەوە درهینانی گەلاڵەی بازخەریدی کرێکاران، بەکردەوە دەرهینانی یاسای خانە نشینی بەرلە کاتی خۆی کرێکاران و لەزۆر بواری دیکەدا تەنانەت خۆیان ناچار بەرەعایەت کردنی یاسای کاری دوا کەوتەوانەی رژیمی ئیسلامیش نازانن.

سەرەرای ئەم راستەیە کە رژیم و بورژوازی ئیران توانیویانە بەداسەپاندنی ئەم بارودوخە لە تاقەت بەدەرە ئاستی داخوازیە کریکارییەکان بێنە خوارێ، بەجۆرێك کە کرێکاران ناچار بوون تەنانەت بۆ وەرگرتنی حەقدەستەکانیان لەکاتی خۆیدا لەگەڵ دولەت و خاوەن کار دەست و پەنجەنەرم بکەن، بەلام خەباتی کرێکارانی رەوتی رولە گەشەی خۆی دەپێوێ. وە لەماوەی چەندساڵی رابردودا هەزاران مانگرتنی چکولە و گەورە، رێپیوان و کۆبونەوەی ئیعترازی تەجرەبە کردووەو جاروبارەش کرێکاران بۆ پاشەکشە کردن بە هێرشی رژێم و سەرمایەداران بوێرانە و تاپای گیانیان خۆراگرییان لەخۆیان نیشان داوە. خەباتی لێبراوانەی کرێکارانی زەوبی مسی خاتون ئابادی کرمان و خۆراگری و شێلگیری کریکارانی دەستگیرکراوی ئەوەلی مانگی مەی شاری سەقز نمونە گەلێکین لە لەخۆبردویی کریکاران لە خەبات بۆ وەدی هاتنی مافەکانیان.

دەولەت وسەرمایەدارانی ئیران بە کەڵك وەرگرتن لە رێکخراو نەبوونی و کرێکاران نەتەنیا توانیویانە. هەل ومەرجی تاقەت پروکینی ئیستا بەسەر کرێکاران دا بسەپێنن، بەپێی بەرنامەی ئابووری چوارساڵی داهاتووی رژیم دەورەیەکی کەلێك دژوارتر بۆ کرێکاران تەداروك دیتراوە.

ئیستا سەرجەمی نیشانەکان وا دەردەخەن کە کۆماری ئیسلامی و بورژوازی ئیران بۆهاو ئاهەنگ کردنی هەرچی زیاتر خۆی لەگەڵ ئەو بەرنامە و ستراتیژی ئابوریەی کە گرتونیتی بەرو بەمەبەستی نەهێشتنی کۆسپەکانی سەر رێگای بۆ تیکەل بونی هرچی زیاتر لەگەڵ بازاری جیهانی سەرمایە و بەمەبەستی کونترول کردنی نارەزایەتییەکان و خەباتی کرێکاری لە هەوڵ دان تا "ریکخراوە کرێکارییەکانی" دڵخوازی خۆیان پێکەبێنن.

رژیمی کۆماری ئیسلامی و بورژوازی ئیران لەهاوکاری کردن لەگەڵ یکخراوی جیهانی کارو بە پەسەند کردنی ژمارەیەك لە پەسەند کراوەکانی ئەم رێکخراوە کە وەکوو پێش مەرج بۆ بوون بە ئەندامی ریکخراوی تەجارەتی جیهانی دیاری کراون، بەکردەوە لە هەولی ئەوە دایە کە ژمارەیەك لە ئەنجومەنە سنفی و سەندیکاکان کە لەژیر چاوەدیری خانەی کارگەری رژیم دا ساز کراون، وەك ریکخراوی کریکاری هەم بە ناوەندە نیونەتەوەییەکان و هەم بە کریکاران بقەبولێنی. رژیمی کۆماری ئیسلامی و بورژوازی ئیران لە هەولدان تاکو لەژیر ناوی ریکخراوی سەربەخۆی کریکاریدا، ریکخراوگەلیك کە لە سازش و سازان لەگەل چینی سەرمایەدار و خاوەنکاران بەشوین خواستەکانی کریکارانەوەن، پیك بێنن.

ئەو هەولانە لە بارودۆخیك دا کە شورا ئیسلامییەکان بە تەواوی بێئیعتباری و تەنانەت خاوەنانی پیشەسازی و خاوەنکارانیش ئەوان وەك ریکخراویك کە زەرفیەتی هینانە ژیر رکیفی نارەزایەتی کریکارییان بێ بە رەسمیەت ناناسن، ئەم مەسەلەیە مەوزوعیەتی زۆرتری هەیە.

ئەمرۆکە لە بارودۆخیك دا کە مەسەلەی ریکخراوبوونی کریکاران بووە بە ئەساسیترین گرفت و گرێ کوێرەی بزووتنەوەی کریکاری ئیران، ئەرکی پیکهینان و وەرێخستنی ریکخراوە چینایەتی، جەماوەری و سەرتاسەریەکانی کریکاران کە پشت ئەستوور بە خەباتی کریکاران بۆ بەرامبەرکێ و بەچۆك دا هینانی سیاسەتەکانی چینی سەرمایەداری ئیران بێ، وەك پیویستییەك لە بەردەم سەرجەم هەلسووراوان و پیشرەوانی بزووتنەوەی کریکاری ئیران دایە.

لەم روەوە کە ریکخراوی چینایەتی کریکاران لە دلی خەباتی رۆژانەی کریکاران لەدژی چینی سەرمایەدار و بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان پێك دێ، خەباتی تا ئیستای چینی کریکاری ئیران فورسەتی باشی بۆ پیکهینانی ئەم ریکخراوانە رەخساندووە. پیشرەوان و هەلسوراوانی کریکاری لە دلی ئەم خەباتە ریکخراوەیەدا، هەزاران نارەزایەتی و مانگرتنی کریکارییان تەجرەبە کردووە. ئەم تویژە لە کریکاران بە ئەزمون بۆیان دەرکەوتووە کە بەبێ پیکهینانی ریکخراوە چینایەتی کریکاران، بەرەوپیش چوون لە خەبات لەدژی هیرشی سەرمایەداران و رژیمەکەیان مومکین نیە.

تا ئیستا مەیلی جۆراوجۆر لەنیو بزووتنەوەی کریکاریدا لە ئاست سیاسەتەکانی رژیمی ئیسلامی و بەشە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی دژکردەوەی جیاوازیان لە خۆیان نیشان داوە، بەلام بورژوازی ئیران تا ئیستا نەیتوانیوە ریکخراوەکانی دلخوازی خۆی پیك بینێ و بە چینی کریکاری ئیرانی داسەپێنێ، وە ئەو شکستەی بورژوازی ئیران بەهۆی ئەزمونی دەولەمەند و خەباتی هەلسووراوان و پیشرەوانی رادیکال و سوسیالیستی کریکاری بووە.

لە هەل و مەرجی ئیستادا تەنیا ئەم ریکخراوانە توانای ئیدامەکاری و پاشەکشە کردن بە هیرشی بورژوازی و بەشکست کیشانی سیاسەتەکانی دەولەت و سەرمایەدارانی ئیرانیان هەیە کە بتوانن رێگا بۆ بەشداری هەرچی بەربلاوتری کریکاران لەم هەلمەتە چینایەتییەدا خۆش کەن و بە خەباتی کریکاران و دەخالەتی راستەوخۆ ئەوان لە بریاردان دا پشت ئەستور بن.

ئەگەر رژیمی کۆماری ئیسلامی و لیبرالیزمی بورژوازی ئیران بە پالپشتی ریفورمیزمی نیو بزووتنەوەی کریکاری کە تا دوێنێ بانگەشەی بۆ بەشداری لە شورا ئیسلامییەکان دەکرد، لە هەول دایە تاکو ریکخراوگەلیك بە پیکهاتەی بوروکراتیکەوە کە لە سازان لەگەل سەرمایەداران و دەولەت بەشوین خواستەکانی کریکارانەوە بێ، پیك بینی، پیشرەوانی رادیکال و سوسیالیستەکانی نیو بزووتنەوەی کریکاری پیکهینانی ئەو ریکخراوانە دەنێتە دەستوری کاری خۆیانەوە کە بتوانن دەخالەتی راستەوخۆ و بەربلاوی کریکاران لە بریاردان دا دابین بکەن.

شورا کرێکارییەکان یان ریکخراوەکانی کریکاری کە بە کۆبوونەوەی گشتی و دەخالەتی راستەوخۆی کریکاران پشت ئەستوور بن، زەرفێکی کاریگەر و گونجاون بۆ ریکخستنی کرێکاری. ئەو ریکخراوە کریکاریانە دەبێ سەربەخۆ لە دەولەت بن، یانی نابێ دەولەت هیچ دەوریکی لەم ریکخراوانەدا هەبێ. مافی ریکخراوی کریکاری دەبی بە رەسمیەت بناسرێ و کریکاران ئازاد بن تا بە هەر شیوەیەك کە خۆیان دەیانهەوێ ریکخراوی خۆیان پیك بینن. مەیلی سوسیالیستی کریکاری وەك هەر مەیلیکی سیاسی و حیزبی دیکە بە ئەرکی خۆی دەزانی کە لەنیو ئاوا ریکخراویك دا تەبلیغی سیاسەتەکانی خۆی بکات و بە یارمەتی مکانیزمە دیموکراتیکەکان بۆ بەدەست هینانی ریبەرییەکەی هەول بدات. هەلسووراوانی سوسیالیستی نیو بزووتنەوەی کریکاری کە لە ناوەرۆکی سیاسەت، ئامانج و ستراتیژی بورژوازی ئیران بە روونی دەناسن، دەتوانن دەوریکی چارەنوس سازیان لە پیکهینانی ئەم ریکخراوانەدا هەبێ. لەقاو دانی هەول و سیاسەتەکانی لیبرالی کە دەیهەوێ بە کونترولی ریکخراوە جەماوەرییە کریکارییەکان ئەوان لە هەرچەشنە تایبەتمەندی رادیکالی دژی سەرمایەداری بێناوەرۆك بکەن و بە هینانە ژیر رکیفی ئەم ریکخراوانە سەرجەم بزووتنەوەی کریکاری کونترول بکەن، ئەرکێکی بەردەوامی مەیلی سوسیالیزمی کریکارییە.

هەولدان بۆ پیکهینان و بەهیز کردنی هاوپشتی لەنیو بزووتنەوەی کریکاری و بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکانی دیکەدا وەك: بزووتنەوەی شۆرشگیرانەی کوردستان، بزووتنەوەی ژنان و بزوتنەوەی دانشجویی ئەرکی کریکارانی سەر بە مەیلی سوسیالیزمی کریکارییە. تەنیا چینی کریکاری ریکخراو بە ئاسۆی سوسیالیستییەوەیە کە دەتوانی دەوری چارەنوس سازی خۆی لە بزوتنەوەی ئازادی خوازانەی ئیران بۆ دیموکراسی و بۆ روخاندنی کۆماری ئیسلامی و هاتنەدی شۆرشی کریکاری بگێرێ.

پووشپەری ١٣٨٣

جولای ٢٠٠٤

## پاشماوەی وتوویژ لەگەل هاورێ ئیبراهیمی عەلیزادە

ئاسایی بوو کە بەپیی پێڕەو، پیویستە هەر دووسال جاریك بگیرێ. وەکوو هەمیشە جم و جۆلی کونگرە لە چەند مانگ پیشترەوە دەستی پێکردبوو. نوینەرانی ئەندامانی هەموو بەشەکانی تەشکیلات بەپیی ئایین نامەیەکی دیاری کراو کە لە پلنومی کومیتەی ناوەندی کۆمەلەدا پەسەند کرابوو، هەلبژیردرابوو و کومیتەی ناوەندی کومیسیونیکی بۆ تەداروکی سیاسی و ریکخراوەیی کونگرە دیاری کردبوو. بەپیی رەوالیکی تایبەت، ژمارەیەك لە هاورێیانی بەشی نەهینی کۆمەلەش ئیمکانی ئەوەیان پەیدا کردبوو کە لەم کونگرەیەدا بەشداری بکەن. هەرچەند خۆتان دەزانن کە لە هەل و مەرجی ئیستای کوردستانی ئیران دا، ئەوە کاریکی ئاسان نیە. بەلام هەرچۆنیك بێ گیروگرفتەکانی چارەسەر کرابوون و لەو کونگرەیەدا بە رادەیەکی گونجاو ئەو بەشە لە تەشکیلاتی کۆمەلەش نوینەرایەتی دەکرا.

راپۆرتی سیاسی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە بە کونگرە، کە گەلیك مەسەلەی سیاسی و کۆمەلایەتی و ریکخراوەیی گرتبووە بەر، گرینگترین بابەتی ئەم کونگرەیە بوو. لیکۆلینەوە و رەخنە و روانگەی هاورێیانی بەشداربوو لە کونگرە لە چوارچیوەی ئەم راپۆرتەدا هاتە گۆرێ. راپۆرتی سیاسی کومیتەی ناوەندەی بە کونگرە، هەلسەنگاندن و لیکدانەوەیەکی هەل و مەرجی ئیستای جیهان، رۆژهەلاتی ناوەراست، عیراق، کوردستانی ئیران و عیراق و هەروەها ئیران بوو. ئەم راپۆرتە هەولی دابوو کە بنەماکانی ئەو لیکدانەوەیەی کە ستراتیژی سیاسی ئیمە لە کوردستان پشتی پێبەستووە، بەیان کات. لە راستیدا هەموو باس و لیکۆلینەوەکانی ئەم راپۆرتە دەیهەویست خزمەت بکات بە دارشتنی بەرنامەیەکی واقع بینانە بۆ کار و چالاکی سیاسی کۆمەلە لە دەورەی داهاتوودا و لام وایە لەم بابەتەوە سەرکەتوو بوو.

باس و تێبینی‌یەکانی هاورێیانی بەشداربوو لە کونگرە، راپۆرتە سیاسیەکەی وردبینانەتر و لە روی ناوەرۆکەوە دەولەمەندتر کرد. هەروەها بەپیی رەوال، کومیتەی ناوەندی کۆمەلە راپۆرتیکی لەسەر هەلسوورانی بەشەکانی جۆراوجۆری کۆمەلە، لە سەرەوە هەتا خوارەوە پیشکەش کرد و ئەو مەجالە بۆ ئەندامانی بەشداربوو لە کونگرە رەخسا کە رەخنە و تیبینی‌یەکانی خۆیان لەسەر بوارە جۆراوجۆرەکانی هەلسورانی ئیمە، لە کەش و هەوایەکی هاورێیانەدا بەیان بکەن. راپۆرتی سیاسی لەلایەن کونگرەوە بە زۆرینەی نزیك بە تەواوی ئەندامانی کونگرە پەسەند کرا.

هەروەکو لە راگەیاندنی کۆتایی کونگرەش دا هاتووە، کۆمەلیك قەرار و بریاری تایبەت بە ئەم یا ئەو بواری چالاکی کۆمەلە پەسەند کرا. کونگرە لە دواین بەشی کاری خۆیدا ٢١ کەسی وەکوو ئەندامی کومیتەی ناوەندی کە هەتا کونگرەی ١٢ ریبەرایەتی کۆمەلەیان لە ئەستۆ دەبی، هەلبژارد. هەر لیرەش دا ئەوە بلیم کە کومیتەی ناوەندی کۆمەلە لە یەکەم پلنومی‌دا ژمارەیەك لە ئەندامانی خۆی دیاری کرد کە لەنیوان دوو پلنوم دا لەژیر ناوی "کومیتەی رەهبەری"، ئەرکی بەریوەبەرایەتی کۆمەلەیان لە ئەستۆ بێ. کونگرە شەش رۆژی خایاند و هەموو ئەرکەکانی کە لە دەستوری کاری خۆی دانابوو، بە سەرەنجامی گەیاند. سەرجەم لام وایە کونگرەیەکی سەرکەوتوو بوو. هیوادارم باسەکان و پەسەند کراوەکانی ببن بە بنەمایەك بۆ چالاکی بەرینتر و کاریگەرتری کۆمەلە لە جەرگەی خەباتی چینایەتی و شورشگیرانە لە کوردستان دا.

***پرسیار**: هاورێ ئیبراهیم باسی چۆنیەتی بەریوەچوونی جیگاوشوینی ریکخراوەیی کونگرەتان کرد، دەمانهەوێ بزانین جیگاوشوینی سیاسی کونگرەی یازدە بە شیوەیەکی گشتی چۆن هەلدەسەنگینن؟*

**وەڵام**: کونگرەی یازدەی کۆمەلە لە کاتیك دا بەریوە چوو کە دروست بوون و حەقانیەتی سیاسەت و ریبازی کۆمەلە لە پەیوەند لەگەل دوو جەریانی گرینگی ئەم سەردەمە لە ناوچەیەك دا کە کۆمەلە کاری تیدا دەکات، لە مەحەکی کردەوە و تەجروبە درابوو. یەکیان رەوتی ئیسلاحات لە رژیمی ئیسلامی‌دا بوو وە ئەوی‌تریان شەری ئامریکا لە عیراق وە ستراتیژی ئامریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراست بوو.

لە پەیوەند لەگەل مەسەلەی یەکەمیان دا، کۆمەلە بە دروستی جیگاوشوینی چینایەتی رەوتی ئیسلاحاتی لە ئیران کە لەلایەن بەشیك لە دەزگای رژیمی ئیسلامی‌یەوە ریبەری دەکرێ، دیاری کرد و لە هەمان کاتدا کە واقعیەتی ئەم ریفورم و ئیسلاحاتەی لە ئیران بینی و ئینکاری نەکرد، ئەو راستی‌یەشی بەردەوام تەبلیغ کرد کە ئەمە رەوتی گۆراندنی ژیانی جەماوەر نیە، ئەمە رەوتی خۆگونجاندنی سەرمایەداری ئیرانە لەگەل پیویستی‌یەکانی دەورانی جیهان گیری سەرمایە. ئەزمونی ئەو رەوتە لە هەموو ولاتانی ناسراو بە دنیای سێ، نیشانی داوە کە ئەم بەناو ئیسلاحاتە نە دیموکراسی و نە ریفاه و ئاسودەییەکی ئابووری بۆ زۆرینەی خەلکی ئەو ولاتە لی ناکەویتەوە. وتمان کە ئەگەر ریفورم و ئیسلاحات پیویستی‌یەکی حەیاتی‌یە بۆ ژیانی ئەورۆی جەماوەر، ئەوا خەلکی کریکار و زەحمەتکیش و ئازادیخواز پیویستە سەربەخۆ لەم رەوتە و جیا لەم رەوتە، هەول بدەن بە خەباتی خۆیان، بە ریکخراو بوونی خۆیان، هاوسەنگی‌یەکی وا پیك بینن کە رژیم ناچار بێ پاشەکشە بکات و کەش و هەوای سیاسی کۆمەلگا بکریتەوە و لەم ریگایەوە ئەگەر کرا ئال و گۆریکی وەلەو بچوکیش لە ژیانی ئابووری خەلکی هەژار و بێبەش دا، پیك بێ. ئیمە بە راشکاوی بە خەلکمان وت کە لە هەلبژاردنەکانی پارلمانی ئیسلامی و شوراکان و سەرۆك کۆماردا بەشداری مەکەن و هیچ چەشنە شەرعیەتیك بەو رژیمە مەدەن. وتمان ئەم رەوتە دەیهەوێ بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردستان لە ناوەرۆکی شۆرشگیرانە و پیشرەوی خۆی بەتال بکات وە لەباری بەرێ. وتمان گوفت وگۆ کردن لە پەنا و پەسیودا و بە نەهینی لەگەل مەئمورانی بێناو نیشانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو رژیمە، بەدەم پیلانەوە چوونە، ئەمانە دوژمنی سەرسەختی بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی خەلکی کوردستانن و نایانەوێ هیچ ئیمتیازیك بدەن. ئەمانە بزووتنەوەی کریکاری، بزووتنەوەی ژنان و لاوان نەك هەر بە هاوپەیمانی خۆیان نازانن، بەلکو شەرتی سەقامگیر بوونی حکومەتیکی ئیسلامی ئیسلاح کراو و میانەرەو ئەوەیە کە پیشتر ئەم بزووتنەوانە لەسەر شانۆی سیاسی ئیراندا دەوریان نەمابێ.

لە کونگرەکانی نوهەم و دەهەمی کۆمەلەدا رو لەوانەی کە تووشی وەسوەسەی خۆگونجاندن لەگەل رەوتی ئیسلاحاتی بورژوایی لە ئیران بوون، وتمان کە ئیوە بە هەلە چوون. یەکەیەکەی پەسەند کراوەکانی ئەم دوو کونگرەیە هەول دەدات لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو هەلەیە کە بە داخەوە بەشیك لە جەماوەریش تووشی ببوون، روون کاتەوە و ریبازی راستەقینە و واقعی هەم بۆ ریفورم و ئیسلاحات لە ژیانی ئەورۆدا و هەم بۆ هەنگاونان بەرەو شورشیکی کۆمەلایەتی نیشان بدات. کۆمەلە ئەو ریبازە و ئەو جەریانە بوو کە بەبێ رارایی و بە کەلامی بەبێ پیچ و پەنا ئەو راستی‌یانەی لە کاتی خۆیدا بە جەماوەر وت و لە مەلە کردن بە پیچەوانەی جەریانی ئاوەکەدا، دلی نەلەرزی، وە ئەورۆکە کە تەجروبەی ژیان راستی‌یەکانی ئاشکرا کردووە، کۆمەلە سەربەرزە کە لەگەل جەماوەری خەلك راستگۆ بووە و ئەمرۆ لەسەر زەمینەیەکی گەلیك لەبارتر ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات.

جەریانیکی سیاسی گرینگی دیکە کە تییدا سیاسەت و ریبازی کۆمەلە لە مەحەکی تەجروبە درا و حەقانیەتی ئاشکراتر بوو هەلویست بەرانبەر بە شەری ئامریکا لە عیراق و بەریوەچونی ستراتیژی ئامریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراست بوو. ئیمە لە روون کردنەوەی جەوهەر و ناوەرۆکی ئەو شەرەدا گەلیك پیش بەرپا بوونی وتمان کە ئەمە شەریکە بۆ داسەپاندنی دەسەلاتی تاقانەی ئامریکا بەسەر چارەنووسی جیهان دا بە زۆری هیزی چەکدار. دەولەتی ئامریکا دەیهەوێ لە ریگای هیز نواندنەوە دەولەتانی گەورەی رەقیبی خۆی ناچار بکات بەرژەوەندی ئامریکا لە سەروی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان دابنین. دەولەتانی چکۆلەتریش کە سەرەرۆیی دەکەن دەمکوت و یان کونترولیان بکات. وتمان ئەو شەرە دیموکراسی و حکومەتی سکولار بۆ خەلکی عیراق بەدی ناهینی. ئامریکا ناتوانی بەسەر تەناقوزات و کیشەکانی ناوخۆی کۆمەلگای عیراق دا زال بێ. هەربۆیە تەنانەت لە ستانداردەکانی دیموکراسی‌یەکی رۆژئاواییش چاوپۆشی دەکات و پەنا دەباتەوە بەر پیکهاتەی عەشیرەتی و مەزهەبی ئەو ولاتە. وتمان کە ئەو شەرە مەسەلەی کورد چارەسەر ناکات، بەلکوو ئالوزتری دەکات. گەلالەی فیدرالیزم کە بەبێ هیچ چەشنە گارانتی‌یەك بەلین دراوە، لە دابەش کردنیکی ئیداری ولات واوەتر نیە و بەشیکی گەورەی کوردستانیش دەکەویتە دەرەوەی ئەم بەناو فیدرالیزمەوە. وتمان ئەم شەرە ئابووری عیراق زیاتر دەروخینی. ژیان و بەریچوونی رۆژانەی خەلك تالتر دەبی. خەرجی ئەم شەرە هەموو لە سفرەی ژیانی خەلك و لە داهاتی ئەو ولاتە دابین دەبی و جەماوەری خەلك زۆرتر نوقمی هەژاری دەکات.

لە هەمان کات دا لە دوپات کردنەوەی ئەو راستیەش ماندو نەبوین کە ئیمە ٢٥ سالە هەراوهوریای دژ بە ئامریکا لە زمانی جەریانیکی کۆنەپەرستی ئیسلامی لە ئیران دەبیستین و دەزانین کە لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا رەوتیکی کۆنەپەرستی ئیسلامی لە بەرامبەر ئامریکادا ریزی بەستووە و ئیمە پیویستە هەول بدەین ئالای خەباتیکی سیاسی پیشرەو و پیشکەوتن خوازانە کە ریك لە بەرامبەر ئەو رەوتە دایە، لەدژی سیاسەتەکانی ئامریکا بەرز بیتەوە. ئیمە وتمان روخانی رژیمی دیکتاتوری لە عیراق، ئەگەر لە ئاکامی گەشە و پەرەسەندنی خەباتی جەماوەری‌دا بێ، ئەوا خەلکی خەباتکار و راپەریو، بەرەبەرە بەدیلی خۆشیان بۆ جێنشینەکەی ئامادە دەکەن و بە قازانج بەرژەوەندی خۆیان دەتوانن بیگۆرن و دەیگۆرن. بەلام ئەگەر هیزیکی دیکە وە لە شوینیکی دیکەوە ئەو کارەی بۆ کردن، ئەوا ئەو هیزە ئەو گۆرانکاری‌یە بەپیی بەرژەوەندی خۆی ئەنجام دەدات. وە بەرژەوەندی ئامریکا و بەرژەوەندی خەلکی تینوی ئازادی و ریفاه و مافی دیاری کردنی چارەنووس لەگەل بەرژەوەندی ئامریکا لەم دەورەیە و لەم ناوچەیەدا یەك ناگرنەوە. ئەورۆکە رۆژلەگەل رۆژ ناتابا بوونی ئەو دوو بەرژەوەندی‌یە زیاتر دەردەکەوێ.

ئەم راستی‌یەی کە باس کرا سالیك و دووسال لەمەوبەر بە روونی ئیستا بۆ جەماوەر دەرنەکەوتبوو. کۆمەلە گوێی بە تانە و تەشەری ناسیونالیزمی کورد کە خۆی بە تەواوی بە ستراتیژی ئامریکاوە گرێ دابوو وە تەنانەت بۆ کوردستانی ئیرانیش دلی بەوە خۆش دەکرد کە لە پەنای تانکەکانی ئامریکادا بگەریتەوە ئیران و دەسەلاتی کوردستانی پێببەخشرێ، گوێی بەوانە نەدا و روو لە خەلکی کوردستان بە تیرادیوی دیفاعی لە حەقانیەتی هەلویستەکەی خۆی کرد. کونگرە بە بۆنەی بەریوە بردنی لیبراوانە و شەفافی ئەو سیاسەت و جیهەت گیریە دەست خۆشی لە کومیتەی ناوەندی کۆمەلە کرد.

***پرسیار**: پرسیارەکانمان لەسەر ناوەرۆکی باسەکانی کونگرە بە هەل و مەرجی سیاسی ئیستای دنیا دەست پێدەکەین. خالە گرینگەکانی ئەم باسە کامانەن؟*

**وەڵام**: پیشتر ئەوە بلیم کە نە مەبەستی راپۆرتی سیاسی کومیتەی ناوەندی و نە باسەکانی کونگرە ئەوە نەبوو کە لەو چوارچیوە بەرتەسکەدا لیکدانەوەیەکی هەمەلایەنە و کارناسانەی هەل و مەرجی سیاسی ئیستای جیهان بەدەستەوە بدات، بەلکوو بۆ ئیمە ئەو لیکدانەوەیە وەکوو سەرەتایەك چاوی لی دەکری بۆ دارشتنی ستراتیژیکی سیاسی دیاری کراو. هەربۆیە وەلام بەو پرسیارەی ئیوەش رووی لەو کیشە و ناکۆکی و تەناقوزاتەی جیهانی ئەمرۆیە کە هەل و مەرجی کار و هەلسوورانی ئیمە دیاری دەکەن.

روداوە گرینگەکانی ١٤ سالی رابردوو لە جیهان هەموویان پاش لەرزەکانی بومەلەرزەی سیاسی بە هیزی روخانی ئیتحادی شورەوی بوون کە دنیای هەژاند. لەو ناوەدا دوو روداوی گرینگ، یەکیان هیرشی عیراق بۆسەر کووەیت و روداوی ١١ی سیپتامبر، ئاکامەکانی بومەلەرزەی سیاسی روخانی شورەوی‌یان بۆ سەراسەری جیهان گواستەوە.

هیرشی عیراق بۆسەر کووەیت فورسەتیکی بۆ ئامریکا خولقاند کە سەرکردایەتی خۆی لە کەمپەینێکی جیهانی‌دا تاقی کاتەوە. و بەشیکی زۆر لە ولاتانی دنیای بە شوین خۆیدا کیشایە ناو جەریانەکەوە و تەنانەت خەرجی لەشکەر کیشی‌یەکەی خۆشی بە سەر ئەوان دا سەپاند. ئەو روداوە لەپال دەسەلاتیکی گەورەی ئابووریش کە ئامریکا هەیبوو، بۆ ماوەیەك ئەو تەوەهومەی جێخست کە گۆیا جیهانی یەك قوتبی شکلی گرتووە و تەنانەت ناویشیان لێ نا: "نەزمی نوێی جیهانی" بەلام بێتوانایی ئامریکا لە چارەسەر کردنی کیشە جۆراوجۆرەکانی دنیا لە لایەکەوە و لەلایەکی دیکەوە چەند ئال و گۆری گەورەی ئابووری لە دنیا وەکوو گەشەی کەم وینەی ئابووری چین، خیراتر بوونەوەی رەوتی یەکگرتنی ئابووری ئوروپا، کونترولی ئەزمەی ئابووری لە روسیە، ئەوانە بە دەولەتی ئامریکایان نیشان دا کە لەم مەیدانەدا بێرەقیب نیە. هەربۆیە بە پەلەتر کەوتە شوین دۆزینەوەی بیانوو بۆ ئەوەی کە هیزی نیزامی خۆی بکاتە پالپشتی داسەپاندنی ریبەرایەتی بەسەر جیهانی سەرمایەداری‌دا.

روداوی ١١ی سیپتامبر بیجگە لەوەی کە خۆی روداویکی تیروریستی و جینایەتکارانە بوو، بەلام ئاکامەکانی گەلیك لە کیشمەکیشەکانی ناو جیهانی سەرمایەداریشی ئاشکرا کرد. ئاکامەکانی ئەم روداوە ئەو راستی‌یەیان دەرخست کە کیشەی سەرکردایەتی کردنی جیهان دوای تیك چوونی دنیای دوو قوتبی، بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە. هەتا ١١ی سیپتامبری ٢٠٠١ ئەو تەوەهومە جێ کەوتبوو کە گۆیا ئامریکا دەسەلاتی تاقانە و یەکەمی جیهانە بەلام روون بوەوە کە لە راستی‌دا وا نیە یان دەتوانی وا نەبێ، هەربۆیە روداوی ١١ی سیپتامبر وەکوو هیرشی عیراق بۆسەر کووەیت جاریکی‌تر ئەو فورسەتەی بۆ ئامریکا خولقاند کە توانایی‌یەکانی خۆی لە زەمینەی سەرکردایەتی کردنی جیهان دا تاقی کاتەوە. تەبیعەتی روداوی ١١ی سیپتامبر و فەزایەکی عاتفی کە لە دەور و بەری دروست ببوو و وەزعی خەلکی ئەفغانستان بەدەست تاقمی کۆنەپەرەستی تالیبانەوە لە هەنگاوی یەکەم دا کاری ئامریکای ئاسان کردەوە.

ئیمە ئەوکات وتمان کە شەری ئەفغانستان نابی وەکوو روداویکی جیاواز تەنیا خۆی لە خۆیدا چاوی لی بکرێ. تالیبان و زولم و زۆری ئەوان بەجێی خۆی کە دەبی برۆن و لەناو بچن، بەلام دەولەتی ئامریکا خەریکی بەریوەبردنی پرۆژەیەکی‌ترە. وتمان ئەگەر مەسەلە نە هیز نواندن و توقاندنی نەیارانی ئامریکا، بەلکوو یارمەتی دان بە رزگار بوونی خەلکی ئەفغانستانە، ئەوە کۆمەلیك ریگای دیکە هەیە غەیری ویران کردن و داپلوسین و کوشتنی هەزاران کەس. وتمان کە پشت بەستن بە پیکهاتەی عەشیرەتی و مەزهەبی کە گەلالەکەی لە کونفرانسی برلین دا داریژرا، دیموکراسی بۆ ئەفغانستان بە دیاری ناهینی. و ئیستا و دوای تیپەر بوونی سێ سال دەبینین کە لەو ولاتەدا: نە ئەمنیەت بەرقەرارە، نە دیموکراسی لەسەر جیگای خۆیەتی، نە ئاوەدان کردنەوە لە گۆرێ دایە و تەنانەت مەوادی موخەدیریش لە جاران زۆرتر بەرهەم دیت و بازرگانی پیوە دەکریت.

بەلام فورسەتی ١١ی سیپتامبر بۆ ئامریکا گرینگتر لەوە بوو کە وا بە ئاسانی لەدەستی بدات. هەربۆیە لەژیر ناوی شەری دژی تیروریزم دا بە زنجیرەیەك کردەوەی‌تر تەکمیلی کرد. ئەفغانستان سەرەتای کار بوو، ئاشکرا بوو کە ناوەندی کیشەکە دەگوازریتەوە بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست. دیتمان کە بەرەبەرە بە یارمەتی دەزگایەکی پروپاگەندەی جیهانی، بیانووەکانیان لەسەر عیراق لە پیناوی بەریوە بردنی ستراتیژەکەیان زیندوو کردەوە. ئاشکرا بوو کە کیشە لەسەر سیلاحی کۆمەل کوژ لە عیراق یان پەیوەندی دەولەتی عیراق بە ئەلقاعیدەوە نیە بەلکو کیشە لەسەر داسەپاندنی سەرکردایەتی تاقانەی ئامریکا بەسەر چارەنووسی جیهان دایە. دەولەتی ئامریکا دەبوایە رەقیبەکانی خۆی وادار بکات کە سەرکردایەتی ئەو لە کیشەکانی دنیادا قەبوول بکەن.

بەلام جیهان لە واقعیەت دا و لەروی هاوسەنگی واقعی هیزەکانەوە یەك قوتبی نەبوو و ئەوە توانای نیزامی و یەکەم بوونی ئامریکا لە روی هیزی چەکدارەوە بوو کە ئەو تەوەهومەی پیك هینابوو. هەربۆیە دەبینین کە کیشەکان لە مەیدانی کردەوەدا قوولتر دەبنەوە. شەر دەکەویتە ناوەندی ریگا چارەکان و چارەسازیش نیە. روداوەکانی دوای روخانی رژیمی عیراق و بە تایبەت دەرکەوتنی سەرەتاکانی ئامادە بوونی ئامریکا بۆ دانی ئیمتیاز بە ئوروپا و بە نەتەوە یەکگرتوەکان، نیشانیان دا کە دنیا خەریکە ئەوەندەی کە بۆ کیشمەکیشەکان و ریزبەستنی ناوخۆی نیزامی سەرمایەداری هەلدەگەریتەوە خەریکە لە هاوسەنگی‌یەکی نوێ نزیك دەبیتەوە.

بەلام ئەوەی کە باس کرا هەموو سیمای واقعی جیهانی ئەمرۆ بە ئیمە نیشان نادەن. روداوەکانی سالانی کۆتایی سەدەی پیشوو و سەرەتای هەزارەی سیهەم، نیشانیان دا کە رەوتی وەخەبەر هاتنیکی بەتین و تەوژمی کۆمەلایەتی لە جیهان دەستی پێکردوە کە هەردەم بەرینتر و قوولتر

دەبیتەوە. تەپ و تۆزی تەبلیغاتی دژی کۆمۆنیستی جیهانی سەرمایەداری نیشتوەتەوە، یان لانیکەم دەتوانین بلێین ئیتر کەم کەس گوێی بۆ دەگرێ. تەبلیغاتی سەرمایەداری هەولی دا وا بنوینی کە ئەم نیزامە چارەنووسی هەتاهەتایی بەشەرە و تەکامولی میژوو کۆتایی پێهاتووە، لەمەوبەدوا سەرمایەداری گۆیا بە چاکسازی خۆی وەلامی نیازەکانی بەشەر دەداتەوە. بەلام هەموو ئەو هەولانە لە بەرامبەر کاردانەوەی ئینسانی تینوی یەکسانی و عەدالەت و ئازادیدا، شکستیان خوارد. بەشەریەتی سەردەمی ئیمە ئەوەی نەسەلماند کە نیزامی سەرمایەداری و گەندەلی و نەکبەتیەکانی چارەنووسی هەتاهەتایی و چارهەلنەگری ئەو بێ. موقاومەت لە هەموو لایەکەوە دەستی پیکرد.

بزووتنەوەیەکی جیهانی دژ بە "جیهان گیری نیئولیبرالی" کە هیچ مەنتقیك غەیری مەنتقی قازانج و بازار ناناسێ، کەوتە رێ. کریکاران لە بەرامبەر هیرش بۆسەر ماف و دەسکەوتەکانیان دەستیان کرد بە موقاومەت و بەرەنگار بوونەوە. جیهان لەدژی شەرئەنگیزییەکانی دەولەتانی گەورەی سەرمایەداری هەژا. موقاومەت لە بەرامبەر ئەوانە هەمووی سەرەتاکان و نیشانەکانی ئەو وەخەبەر هاتنە کۆمەلایەتی‌یە گەورەیەن کە باس کرا. هاوسەنگی نیوان هیزەکانی پاریزەری وەزعی مەوجود و هیزەکانی خوازیار و تینوی ئال و گۆر و بەرەی ئازادی ویەکسانی و عەدالەت، لە چاو دوو دەیەی رابردوو گۆراوە. ئەو واقعیەتە عەینیانەیە کە ئەمرۆکە هیز و توانامان پێدەبەخشن و ئاسۆی سەرکەوتنمان روون دەکەنەوە.

***پرسیار**: لەسەر هەل و مەرجی رۆژهەلاتی ناوەراست و بە تایبەت پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە کە لەلایەن ئامریکاوە هاتوەتە گۆرێ، پرسیار زۆرە و هەروەکو لە سەرەتاوە ئاماژەتان بۆ کرد یەکیك لەو بابەتانە بووە کە لە راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندیدا هاتووە و لە کونگرەش قسەی لەسەر کراوە. هیوادارم بە بلاو بوونەوەی راپۆرتی سیاسی لە داهاتوودا ئەو پرسیارانەش وەلام بدرینەوە. بەلام بۆ ئەوەی لە کاتیك کە بە دەستمانەوەیە بۆ باس کردن لەسەر ئەو مسەلانەی کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە کار و چالاکی کۆمەلەوە هەیە کەلك وەربگرین، بە سەر ئەم پرسیارانەدا تیپەر دەبین و دینە سەر باسی هەل و مەرجی ئیستای عیراق وەکوو ولاتیك کە کەوتوەتە ناوەندی کیشەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست پرسیار ئەوەیە:*

*زیاتر لە یەکسال دوای روخانی رژیمی عیراق، هۆی ئەو هەل و مەرجە دژوار و نالەبارەی کە ئەمرۆ لە عیراق لە کایە دایە چیە و کونگرەی کۆمەلە هۆکاری ناکامی‌یە سیاسی‌یەکانی ئامریکا لە عیراق یان بلێین ئەو گیروگرفتانەی کە بۆی هاتووەتە پیش، چۆن تەوزیح دەدات؟*

**وەلام**: دیارە دەولەتی ئامریکا دوای هیرش بۆسەر رژیمی عیراق لە هەنگاوی یەکەم دا سەرکەوتنی نیزامی بەدەست هینا. دام و دەزگاکانی دەولەتی پیشوی لە هەموو باریکەوە تیك روخاند، بنەمای ئیداری و ئابووری ئەو ولاتەی تیك دا بۆ ئەوەی بەپیی نەخشەی خۆی سەر لەنوێ دروستیان کاتەوە. بەلام نیشانەکان وا دەردەخەن کە دەولەتی ئامریکا پیش بینی زۆریك لەو گیروگرفتانەی کە ئیستا لە عیراق بۆی پیش هاتووە، نەیکردبوو. پروژەکانی ئامریکا لە عیراق لەگەل بەرەنگار بوونەوەیەکی بەرین بەرەورووو بوو.

حوزوری ئامریکا لە عیراق (جیاواز لە کوردستان )، لە هیچ شوینیکی دیکەی عیراق پیشوازی جەماوەری لی نەکرا. ئاسایش و ئەمنیەت و خزمەتگوزاری یە سەرەتایی یەکان و هەل و مەرجی دژواری بەرێچوونی رۆژانەی خەلك، لە پال رەفتاری ناشایستی سەربازەکانی ئامریکایی بەرامبەر بە خەلك، هەمووی ئەوانە دەستیان دایە دەستی یەك وە بەشێکی زۆر لە خەلکی ئەو ولاتەیان بەرەو دژایەتی کردن لەگەل سیاسەتەکان و لەگەل حوزوری ئامریکا لە عیراق پال پیوە نا. ناسیونالیزمی عەرەب لە هاوئاهەنگی‌یەکی بەکردەوە دا لەگەل رەوتی ئیسلامی توندرەوە، بوون بە هەوینی موقاومەتیکی بەرین لە بەرانبەر ئامریکادا، کە بەتایبەت لە ناوچەکانی ناوەندی عیراق لە پشتیوانی‌یەکی جەماوەریش بەهرەمەندە.

لە کوردستانی عیراقیش تەناقوزاتی سیاسەتی ئامریکا زۆرتر دەرکەوتن. ئەو راستیە بۆ خەلك روون بوەوە کە ریکەوتنەکانی شفاهی و "جێنتلمەنانەی" بەرپرسانی ئامریکایی لەگەل حیزبە سیاسییەکانی خاوەن دەسەلات لە کوردستان لەمەڕ مەسەلەی نەتەوایەتی، بنەمایەکی مەحکەمی نەبووە و ئامریکا بە ئاسانی پێ شیل یان دەکا و پشتیان تێدەکات. هەربۆیە دەبینین لە کوردستانیش ئەگەر لە سەرتاوە بەشیکی زۆر لە خەلك بە خۆش بینی‌یەوە چاویان لە حوزور و لە سیاسەتی ئامریکا لە عێراق دەکرد ئیستا پیی بێهیوا بوون و لە هەموو کردەوەیەکی بە گومانن. هەتا دیت ئەو راستییە زۆرتر روون دەبیتەوە کە ئامانجەکانی ستراتیژیکی ئامریکا لەو ناوچەیە لەگەل ویست و بەرژەوەندی یەکانی خەلکی ستەم لیکراوی کوردستانی عیراق یەك ناگرنەوە.

هەل و مەرجی ئیستا بە تەواوی چاوەروان کرابوو. بە تیکەوە پیچانی دام و دەزگای دیکتاتوری و سەرکوتی بەعسی لە عیراق هەموو ئەو برینانەی کە ئەم رژیمە لە جەستەی کۆمەلگای عیراقی‌دا بوون، سەریان کردەوە. نە دەولەتی ئامریکا و نە هیچ دەولەتیکی ناوخۆ کە شەرعیەتی خۆی لە دەنگی جەماوەر وەرنەگرتبێ، هیچ کامیان نەتەنیا ناتوانن ئەم برینانە ساریژ کەن، بەلکو خۆیان دەبنە هۆکاری دریژەپیدان و قوولتر بوونەوەیان. ئەمرۆکە هەم رەوتی سیاسی شیعەی میانەرەو و هەم ئەو گروپانەی کە دەستیان داوەتە موقاومەتی چەکدارانە دژی هیزەکانی ئامریکا لەسەر بنەمای ئەو نارەزایەتی‌یانەی کە پیك هاتوون لەناو جەماوەری عەرەب دا ریشەیان داکوتاوە و لە نەبوونی بەدیلیکی رادیکال و پیشکەوتن خواز و سوسیالیست دا، بوونەتە مەیدان داری سەرەکی سەرشانۆی عیراق.

سەرچاوەی ئەو گیروگرفتانە لە لیکدانەوەی نیهایی‌دا ئەو راستی‌یە بوو کە هاوسەنگی هیزەکانی جیهانی لەچاو سالەکانی سەرەتای دەیەی نەوەد و هاتنە کایەی پرۆژەی "نەزمی نوێی جیهانی" گۆراوە. دەولەتی ئامریکا کە ئەو هاوسەنگی‌یە نوێ‌یەی لە بەرچاو نەگرت بەکردەوە ناچارە تامی تالی ئاکامەکانی بچێژێ. هەلبەت بەشیك لە دەزگای بەریوەبەری ئامریکا کە ئیستا ئەم راستی‌یەی باشتر لی حالی بووە ئامادەیە کە لەگەل رەقیبە گەورەکانی نیونەتەوەیی و نەیارانی ناوچەیی خۆیدا زیاتر بسازێ و ئیمتیازیان پێ بدات. ئامادەیە دەوریکی زۆرتر بۆ ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق بسەلمینی. لە بەرامبەر دەولەتانی عەرەبی‌دا لە پیناوی ئارام کردنەوەی عیراق دا، نەرمی‌یەکی زۆرتر نیشان بدات. تەنانەت هەرەشەکانی خۆی لە کۆماری ئیسلامیش بە رادەیەکی زۆر دابشکینی.

***پرسیار**: هەلویستی کونگرە لەسەر ئەم توندوتیژیانەی کە ئەمرۆ لە عیراق لە ئارادایە و لەسەر دریژەی حوزوری ئامریکا لە عیراق چی بوو؟ گرینگ ترین ئەرکەکانی هیزیکی رادیکال و پیشکەوتنخواز ئەمرۆ لە عیراق چین؟*

**وەلام**: نە حوزوری ئامریکا وە نە ئەو موقاومەتەی کە ئیستا لەژیر ریبەری ناسیونالیستەکانی عەرەب و ئیسلامی‌یەکانی توندرەودا بەریوە دەچی، هیچ کامیان ئاسۆی ئازادی و ژیانی باشتر بۆ خەلکی عیراقیان لی بەدی ناکرێ و هەرکامەیان بە بەشی خۆی کۆمەلگای عیراق نەك بەرەوپیش بەلکو بەرەودوا دەبەن. ئەم توندوتیژیانەی کە ئەمرۆ لە عیراق لە کایە دایە لە هەمان کاتدا زیانیکی قورس و بە گەشە کردنی خەباتی جەماوەری دەگەیەنن و ریگا نادەن ویست و ئیرادە و توانایی‌یەکانی خەلك بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی راستەوخۆی خۆیان بکەویتە کار. وە نەك هەر ئەوە، بەلکو ریگا بۆ بە دەسەلات گەیشتنی دەزگایەکی دیکتاتوری لە چەشنی رابردووش خۆش دەکەن. ئەگەر روخانی رژیمی پیشوو لە عیراق لە ئاکامی خەباتیکی پیشکەوتن خوازانە و روو لە گەشە و جەماوەری‌دا با، بێگومان دامەزراوەکانی بەدیلی حکومەتی پیشوو هەر لە جەرگەی ئەو خەباتەدا پیك دەهاتن و جیگای ماشینی دەولەتی تیك رووخاویان دەگرتەوە. وەها رەوتیك لەگەل پەلاماری ئامریکا بۆسەر عیراق لەبار چوو وە ئیستا ئەوە ئاکامەکانیەتی کە دەیبینین.

ئەمرۆکە رەوتی پیشکەوتنخواز و پیشرەو لە عیراق پیویستە بە رونی ریزی خۆی لە شیعار و نارەزایەتی رەوتە ئیسلامی‌یەکانی دژ بە ئامریکا جیا کاتەوە و هەروەها بەردەوام زیانەکان و ئاکامی توندوتیژی چەکدارانە و کوشتنی کویرانەی خەلك لەسەر شەقامەکان بۆ جەماوەریك کە بە حەق خوازیاری چوونە دەری هیزەکانی ئامریکا لە عیراقن، رون کاتەوە و ریگا بۆ پەرەگرتنی خەباتی سیاسی و جەماوەری خۆش بکات. بۆشایی دەسەلاتی مەحەلی بە ریکخستنی دامەزراوی کریکاری و جەماوەری جۆراوجۆری حەقخواز و پیشکەوتن خواز، بە تایبەت لەسەر بنەمای نەریتی ریکخستنی شورایی، رون کاتەوە و کۆمەلانی کریکار و زەحمەتکیش بۆ پیکهینانی حکومەتیك کە لەناو جەرگەی جەماوەرەوە هاتبێ و نوینەری ویست و داخوازی‌یەکانی ئەوان بیت، بانگەواز بکات.

***پرسیار**: دیارە ئاسایی‌یە کە باسە سەرەکی‌یەکانی کونگرە چوبیتە سەر هەل و مەرجی سیاسی ئیستای کوردستانی ئیران و ئیران بەگشتی و رێ و شوینی سیاسی و تاکتیکی کۆمەلە تێیدا دیاری کرابێ، بۆیە باسەکەمان لە کوردستانی عیراقەوە دەگوازینەوە بۆ ئیران و سەرەتا دەمانهەوێ بزانین کونگرەی یازدەی کۆمەلە ریزبەستنی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەمرۆی ئیرانی چۆن هەلسەنگاند؟*

**وەلام**: ئەورۆکە هەر چاوەدێریکی سیاسی لە ئیران ددان بەوەدا دەنی کە کۆمەلگای ئیران لەناو ئەزمەیەکی قوولی سیاسی و ئابووری دایە. وە لە جەرگەی ئەو ئەزمەیەدا رەوت و مەیل و بۆچوونی جیاوازی سیاسی و چینایەتی هەرکامە هەول دەدەن وەلامی خۆیان بەم بارودۆخە بدەنەوە. هەلبەت رەنگە بلین خۆ هەموو ژیانی حکومەتی ئیسلامی لە ئیران بە دریژایی ٢٥ سالی رابردوو هەر تیکەلاوی ئەزمەی سیاسی بووە و رژیمی ئیسلامی لە قەیرانیکەوە بۆ قەیرانیکی‌تر ریگای خۆی دۆزیوەتەوە. ئەوە راستە، بەلام تایبەتمەندی‌یەکی بەرچاوی ئیستا ئەوەیە کە رژیم هەموو پلان و نەخشەیەکی ئابووری بۆ هینانە دەری سیستمی سەرمایەداری ئیران لە قەیران و دۆزینەوەی ریگای گەشەی ئابووری تاقی کردۆتەوە و سەرەرای هەر هەولیك کە لە هەموو بوارەکان دا داویەتی بە بنبەست گەیشتووە: لە دەورانی شەری ٨ سالەی ئیران و عیراق دا سیستمی سەرمایەداری دەولەتی‌یان لە ئاستیکی بەرین دا تاقی کردەوە و دەورانی پر تەنگ و چەلەمەی شەریان بەوە تیپەر کرد. دوای شەر، رەفسەنجانی هاتە سەرکار و یەکسەر چوە سوراغی سیاسەتەکانی ئابووری داریژراو لەلایەن بانکی جیهانی و سندوقی نیونەتەوەیی دراو و ئولگوی ئابووری ئیرانی لە سیستمی دەولەتی‌یەوە گواستەوە بۆ سیستمی ناسراو بە بازاری ئازادی نیئولیبرالی. بەپیی ئەو سیاسەتە تەکلیفی ئابووری ئیران دەبوایە نەك لە چوارچیوەی ئیران دا، بەلکو لە ئاستی ئابووری ناوچەکەدا روون بیتەوە و مەیدانی چالاکی سەرمایەی ئیرانی، نەك هەر ئیران بەلکو بازاری رۆژهەلاتی ناوەراست، ئاسیای ناوەندی و دراوسێکانی بیت، بەرهەم هینان نەك هەر بۆ بازاری ناوخۆ بەلکو بۆ بازاری ناوچەکە و تەنانەت ئەوەندەی بۆی بگونجی بۆ بازاری جیهانی بیت. بۆ بەریوەبردنی ئەو سیاسەتە لەناوخۆی ولات، خزمەت گوزاریە دەولەتی‌یەکان کەم بوونەوە، ناوەندەکانی ئابووری دەولەتی بە کەرتی تایبەت واتە بەشی خسوسی فرۆشران، لەژیر ناوی سیاسەتی "هاوسەنگ کردنی ئابووری" ژمارەیەکی زۆر کریکار بیکار کران. چەندین ناوەندی ئازادی بازرگانی لە جنووبی ئیران دروست کران و هی‌تر. بەلام ئەو سیاسەتە دوای ٨ سال تەجروبە کردن، شکستی خوارد و وەکو لە زۆربەی ولاتانی دواکەوتوی ناسراو بە جیهانی سیهەم تاقی کرابوونەوە لیرەش لە ئیران ئەو سیاسەتە ئابووریە نەیتوانی ئەزمەی سەرمایەداری ئیران تیپەرینی.

ئابووری ئیران نەیتوانی لە مەیدانی رەقابەتی ناوچەیی‌دا، دەوام بینی. بە سەدان کارگا و کارخانەی گەورە و بچووك یەك لە دوای یەك داخران، بیکاری بە رادەیەکی گەلیك بەرین تر پەرەی سەند، گرانی پیداویستی‌یەکانی ئەساسی ژیانی خەلك لە کونترول دەرچوو. دام و دەزگایەکی بوروکراتیکی ئیداری کە بە شیوەیەکی سەرەتانی هەردەم زلتر دەبوەوە، خۆی بوو بە کوسپ لەسەر ریگای ئیدارەی ئابووری ولات و بەریوەچوونی پرۆژەکان دا.

لە دەورەی سەرۆك کۆماری خاتەمی‌دا، هەولیان دا بۆ ئەوەی کە ئەزمەکەیان لە ریگای کۆمەلیك ریفورمی سیاسی و حقوقی‌یەوە کونترول کەن. ئەوە بوو کە دوای هەلبژاردنی ٢ی خوردادی ١٣٧٦ و هاتنە سەرکاری خاتەمی، بەرەیەکی دیکەی ئیسلاحات گەلالە بوو. ئەو بەرەیە کە کونترولی بەشیك لە دەسەلاتی ئیرانی بەدەستەوە بوو هەولی دا کە کەلین و کەلەبەرەکانی سیاسی دەورەی رەفسەنجانی پر کاتەوە. خاتەمی و لایەنگرانی ئەولەویەتی کاری خۆیان بە لابردنی کەند وکۆسپەکانی سەر ریگای بەریوەچوونی پرۆژەکانی ئابووری دانا و لەوانە هەولیان دا ئەمینەتیکی حقوقی جێکەوتووتر بۆ سەرمایە دابین کەن و پەیوەندی‌یەکانیان لەگەل دنیای سەرمایەداری دەرەوە ئاسایی‌تر کەنەوە. دوای چەند سال ئەم بەناو ریگا چارەیەش بەبێ ئەوەی لە رووی ئابووریەوە بەرهەمیکی بەرچاوی بێ، شکستی خوارد. شکستی پرۆژەی ناسراو بە ٢ی خورداد، بەشیك لە لیبرالەکانی ناوخۆی حکوومەتی، بۆ دەرەوەی رژیم پال پیوە نا و لیبرالەکانی دەرەوەی رژیمیشی، بەرەو هەلویستی توندوتیژتر بەرانبەر بە رژیم پال پیوە نا. ئەوان کە پیشتر قسەیان لە ئیسلاحی رژیمی ئیسلامی دەکرد، ئەوجار هەلویستیان گۆرا و هاتنە سەر ئەوەی کە تا ئەوکات هەولیکی بێسەمەرەیان داوە و ئیستا دەبی لە چوارچیوەی ئەو رژیمە تیپەر بن.

ئەورۆکە لیبرالەکان کە بە شوین دۆزینەوەی ریگای دەرباز کردنی نیزامی سەرمایەداری ئیران لە ئەزمە و پیکهینانی بارودۆخی لەبارتر بۆ دەسەلاتی سیاسی پاریزەری ئەو نیزامەن، تەیفیك پیك دینن کە سەریکی هەر لە ناوخۆی رژیم دایە و بەشیکی لە دەوروبەری رژیمەوە وەکوو ئوپوزیسیونی قانونی دەژی و سەریکیشی لەناو ئوپوزیسیونی دورخراوەی دەرەوەی ولات دایە.

ئەو رەوتە خۆیان لە ئیسلاحات لە چوارچیوەی رژیم دا بێهیوا بوون یان لەلایەن ویلایەتی فەقیهەوە، بەبێ کیفایەت زانراون و دەرکراون، ئەوە گرینگ نیە، گرینگ ئەوەیە، رەوتی لە یەك نزیك بوونەوەیان و خۆسازدانیان بۆ بوون بە بەدیلی رژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی پیکردووە.

کونگرەی ١١ی کۆمەلە هەروەك کونگرەی ٨ی حیزبی کۆمۆنیست تەئکیدی لەسەر ئەوە بوو کە کریکاران و بەرەی رادیکال و سوسیالیست لە ئیران پیویستە ئەو رەوتە بە وردی بناسێ و هەولی جیددی بدات بۆ ئەوەی ریگە نەدات جاریکی دیکە بەرهەمی خەبات و راپەرینی جەماوەر بکەویتە خزمەت بە دەسەلات گەیشتنەوەی پاریزەرانی نیزامی سەرمایەداری لە شکل و شیوازیکی تازەتردا.

جەماوەری خەلك لە ئیران ئیسلاح خوازانی لە جۆری خاتەمی و ٢ی خوردادیەکانیان تەجروبە کرد و دیتیان کە ئەمانە بە پیچەوانەی ئیدعاکانی رۆژانی هەوەلیان بە شوین دیموکراسی و مافی جەماوەرە نین، بەلکوو لە هەولی پاراستنی حکومەتی ئیسلامی بەرانبەر بە مەترسی بەرپا بوونی شورشیکی کۆمەلایەتی دان و لە هەولی بونیات نانەوەی رەوتی ئاسایی چەوساندنەوەی هیزی کاری هەرزانی بە لیشاوی چینی کریکار و کۆکردنەوەی قازانج و پەرەپیدانی سەروەت و دەسەلات دان. ئیستا لیبرالەکانی دەرەوەی ٢ی خورداد چ ئەوانەی کە هیشتا هەر بە دەوروبەری رژیمەوە خولەیان دیت و چ ئەوانەی وا لەژیر ناوی "کۆماری خوازان" و لیبرالەکانی وەکوو سازمانی ئەکسەریەت و هاوپەیمانەکانیان لەناو ئوپوزیسیون دا، کەوتوونەتەوە بیری دروشمی چەپ تر بەرانبەر بە رژیم، هەر هەموو ئەوانە بە ئیدعای دیموکراسی خوازیەوە خەریکن خۆیان دەگرنەوە. بە کورتی بلیم، شکستی بەرەی ٢ی خورداد نەبۆتە هۆی ئەوەی کە لیبرالەکانی ئیران واز لە پرۆژەکانی خۆیان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلات لەژیر ناوی دیموکراسی بۆ ئیران، بێنن.

بەلام ئەمانەش هیچ بەرنامەیەکی ئابووری جیاوازیان لەوەی کە تا ئیستا لەلایەن ناوەندە جیهانی‌یەکانی وەکوو بانکی جیهانی‌یەوە هاتووەتە گۆری، نیە. کە ئەوەش چ لە تەجروبەی کۆماری ئیسلامی‌دا و چ لە تەجروبەی باقی ولاتانی دواکەوتوی سەرمایەداری‌دا، تاقی کراوەتەوە، و شکستی خواردوە. دیموکراسی خوازیەکەشیان هەر ئەوەندە بڕ دەکات کە گیروگرفتیك بۆ

چەوساندنەوەی کریکاران و بۆ رەوتی کەلەکە کردنی سەرمایە پیك نەهینێ. بێگومان لە هەر شوینیك حەرەکەتیك لەدژی بناغەکانی ئەو نیزامە دەستی پیکرد، هەموو دیموکراسی خوازیەکەیان دەبیتە بلقی سەرئاو.

ئیمە لە دوو کونگرەی ئەخیردا، هەولمان دا، خالە سەرەکی‌یەکانی ستراتیژیکی رادیکالی سوسیالیستی لە جەرگەی بارودۆخی ئیستای ئیران دا، دەست نیشان بکەین و گوتمان کە هیزی سەرەکی ئەو ئال و گۆرە کۆمەلایەتی‌یە قوولە، چینی کریکاری ئیرانە کە دەتوانی هەموو خوازیارانی یەکسانی و ئازادی و ژیانی باشترن لە دەوری خۆی کۆکاتەوە. مەرجی جێکەوتنی وەها ستراتیژیك لە کۆمەلگای ئیران دا ئەوەیە کە جەماوەری کریکار و زەحمەتکیش و ئازادیخواز لە ئیران، لە پرۆژەکانی رەوتی لیبرالی لە ئیران دور کەونەوە، ئەم رەوتە لە هەموو شکل و روالەتیکی خۆی‌دا بناسنەوە و بۆیان روون بیتەوە کە بەرژەوەندی خەلکی بەش خوراو و چەوساوە لەگەل بەرژەوەندی ئەم جەریانە لیبرالی‌یە یەك ناگرنەوە.

**پرسیار**: *لەبەر تیشکی ئەو هەلسەنگاندنەی کە لەسەر بارودۆخی ئیران باستان کرد، تایبەتمەندی‌یەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی ئیستای کوردستانی ئیران کامانەن و رەنگدانەوەی ئەو ریزبەستنە سیاسی و چینایەتیە لە کوردستان چۆن دەبینن؟*

**وەڵام**: رژیمی کۆماری ئیسلامی لە چەند سالی رابردوودا هەولی دا پرۆژەیەکی کەم و زۆر جیاواز لەچاو رابردوو بە تایبەت لەسەر دەستی ریفورم خوازەکانی ناو رژیم لە کوردستان بەریوە بەرێ. ئەمرۆکە ئیتر ئاشکرایە کە ئەم پرۆژەیە لە کوردستانیش شکستی خواردوە و رژیم هەول دەدات ریگای نوێتر و پیچراوەتر بۆ کونترول کردن و لەبار بردنی بزوتنەوەی شورشگیرانەی خەلکی کوردستان تاقی کاتەوە. پرۆژەی ئیسلاحات لە ئیران بەو مانایەی کە باس کرا، بە مانای ریگا دۆزینەوە بۆ نەجاتی سەرمایەداری ئەزمە لیدراوی ئیران کە لەسەر دەستی رەفسەنجانی و خاتەمی دەستی پیکرد و ئیستاش بەهۆی ویلایەتی فەقیهەوە لە کایە دایە هەول دەدات هەر ئەو پرۆژەیە لە شیوازی نوێتردا دریژە پێبدات. بەلام مەرجی بەریوەچوونی ئەمجۆرە پرۆژانە هەبوونی پیگەیەکی کۆمەلایەتی دیاری کراوە بۆ رژیم لە کوردستان. هەربۆیە هەولیان دا سەرمایەداری کورد و تا رادەیەك چینی مام ناونجی دەولەمەند لەگەل خۆیان بۆ بەریوەبردنی سیاسەتەکانیان ریك بخەن. هیندیك ئیمتیازی فەرهەنگی‌یان پێبدەن، ئاسۆی بەشداری کردن لە دەسەلاتی مەحەلی‌یان بۆ بکەنەوە و بەهۆی ئەوانەوە تەوەهوم بە ریگا نەجاتیکی بەناو "نوێ"، جیاواز لەو ستراتیژەی کە رەوتی رادیکال و شۆرشگیر دیاری کردووە، لەناو جەماوەردا جێ بخەن و بەمجۆرە هەم جیگا پێیەك بۆ خۆیان بکەنەوە و هەم پیگەی کۆمەلایەتی جەریانی رادیکال لە کوردستان بخەنە ژیر زەختەوە. بەلام بەریوەچوونی وەها نەخشەیەك لە کوردستانیك دا کە لیوالیوی نەفرەت لە رژیمی ئیسلامی‌یە، ئەگەر بیهەوێ سەرکەوتوو بێ، بە دەرەجەی یەکەم پیویستی بە پشتوانەیەکی مادی و ئابووری هەیە. لە کاتیکدا کە هیچ چەشنە ریفورمیکی ئابووری بەرچاو و واقعی لە کایەدا نەبێ، بیکاری و گرانی و هەژاری روو لەزیاد بوون بێ، ئەوە دەبیتە پرۆژەیەکی بێبناغە و ناتوانی دەوریکی جیددی لە پیناوی ئەو مەبەستەی ئەوان دا ببینی. کە وابێ لە چ ریگایەکەوە و چۆن دەتوانی زەمینەی ئەوە خۆش کات کە نەخشەکانی خۆی لەسەر زمانی بورژوازی کورد و روناکبیرانی گوێ لە مستیەوە روو بە جەماوەری خەلك، وەکوو تەنیا ریگای نەجات، بنوێنی؟

وەلام ئەوەیە، لە ریگەی پەرەپیدانی کەش و هەوای بێتەفاوەتی سیاسی لە ریگەی بێهیوا کردنی جەماوەر بە نیسبەت ستراتیژی هیزی رادیکال و پیشرەو، لە ریگەی پەرەپیدانی هەستی تالی رەنج بە خەساری و پەشیمانی لە رابردوو و سەرەنجام جیا کردنەوەی جەماوەر لە ریبەرایەتی‌یە سیاسی‌یەکەی. هەربۆیە نەخشەی دانی ئیمتیازی فەرهەنگی و کردنەوەی ئاسۆی چارەسەر کردنی کیشەکان لە ریگای ریفورم، لایەنیکی تەواوکەری هەبوو کە بە وەزارەتی ئیتلاعاتی رژیم سپیردرابوو و لە حەوزەی تەخەسوسی ئەو وەزارەتخانەیەدا بوو.

لەم بوارەش دا یەکیك لە نەخشەکانی رژیم ئەوە بوو و ئیستاش هەر لەسەری بەردەوامە کە نەك هەر ریگا نەدات ریزیکی یەکگرتوی ئۆپوزیسیونیکی جیددی لە بەرامبەری‌دا شکل بگرێ، بەلکو لەسەر زەمینەی کیشەکانی ناوخۆیان هەولی پارچەپارچە کردنیشیان بدات و تەنانەت ریگا خۆش بکات کە هەر پارچەیەکیشیان بە تەنیایی و بە بەشی خۆی تا رادەیەك جێ بکەوێ. بۆچی؟ بۆ ئەوەی جەماوەر ریگای سیاسی و ستراتیژی خۆی ون کات و تووشی سەرگەردانی بێ و لە ئاکام دا واز لە پشتیوانی کردنی هەموویان بینێ. هەلبەت خەلکی کوردستان ئەوەندەی کە ئەم پیلانانەی تەشخیس داوە لە بەرامبەریان دا موقاوەمەتی کردووە و لام وایە رژیم لەم سیاسەتەی‌دا ناکام بووە. بەلام بەو حالەشەوە وازی نەهیناوە و کاری خۆی لەم بابەتەوە بە بەردەوامی هەر دەکات. شیوەی کاریان زیرەکانەتر و پیچراوەترە و بۆ ناسینیان پیویستە زۆرتر لێیان ورد بینەوە. بورژوا لیبرالەکانی کورد و روناکبیرانی جیرەخۆری ئەوان و هەروەها لایەنی تەواوکەریان لە وەزارەتی ئیتلاعات دا بە بەردەوامی خەریکی کارن. هەر لە دریژەی سیاسەتی دور خستنەوەی جەماوەر لە سیاسەت و بۆچوونی رادیکال و پیشرەو دایە کە دەبینین ماوەی چەند سالیکە رژیمی ئیسلامی لە کوردستان سیاسەتی چاوپۆشی کردن لە هیندیك جەریانی سیاسی دیاری کراو یان تەنانەت رەوتی کۆنەپەرەستی ئیسلامی وەکو سەلەفی و وەهابی و موفتی زادەیی و هی‌تر کە بە روالەت ئۆپوزیسیونی کۆماری ئیسلامیشن، گرتوەتە بەر و چاوی لە ئاست هەلسورانیان بە ئانقەست بەستووە.

**پرسیار**: *ئایا بەپیی ئەم لیکدانەوەیە لەم کونگرەیەدا هیچ ئال و گۆریکی بەرچاو لە ستراتیژی کۆمەلەدا لە کوردستان پیك هاتووە؟*

**وەڵام**: هیچ ئال و گۆریك لە ستراتیژی و ریبازی سیاسی و دروشمە ئەساسی‌یەکانی ئیمەدا پیك نەهاتوە. بەلام کونگرەی ١١ بەرنامەی کاری ئیمەی بە شیوەیەکی وردتر و کونکریت تر، دەست نیشان کردوە. تایبەتمەندی کونگرەی ١٠ی کۆمەلە کە دووسال لەمەوبەر بەریوە چوو، ئەوە بوو کە هەموو لایەنەکانی پرۆژەی تەیفی ریفورم خوازەکانی ناو رژیم و لیبرالەکان و بورژوازی کوردی بۆ کونترول کردن و خامۆش کردنی بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان، لەقاو دا و لە بەرانبەر بەرەی رانەگەیەندراوی رەوتی لیبرال و ئیسلاح تەلەب دا، جیگاوشوینی کۆمەلەی وەکوو بزووتنەوەی چەپ و رادیکالی کۆمەلایەتی دیاری کرد. ئەو کارە گەلیك پیویست بوو، بارودۆخی سیاسی تازەی کوردستان و ئیران وای کردبوو کە دەبوایە لەو روانگەیشەوە بەرنامەی کاری کۆمەلە لە هەموو بوارەکان دا سەر لەنوێ هەلبسەنگیندریتەوە. کونگرەی ١١ی کۆمەلەش ئەوسال، هەر ئەو جیهەتەی دریژە پێدا و هەولی دا روناکایی زۆرتر بخاتە سەر جیاوازیەکانی ئیمە لە مەیدانی کردەوە و عەمەل دا. هەربۆیە هیوادارم و لام وایە ئەم کونگرەیە دەوریکی بەرچاو دەبینی لە بەخشینی تین و تەوژمی زۆرتر و پەرەپیدانی شور وشەوقی شورشگیرانە بۆ کار کردن، لە هەموو ریزەکانی کۆمەلەدا.

**پرسیار**: *کونگرە گرینگ ترین ئەرکەکان و ئەولەویەتی کۆمەلەی بەپیی ئەم لیکدانەوە سیاسی‌یە کە باس کرا چۆن دیاری کرد؟*

**وەڵام**: کۆمەلە هیزیکی سیاسی سەرشانۆی خەبات لە کوردستانە و بۆ ئەوەی بتوانی ئەو ئەرکانەی کە لە مەیدانی سیاسەت دا لەسەر شانیەتی بە باشی بەریوەیان بەرێ، پیویستە بەر لە هەموو شتیك بە هیزی چینایەتی خۆی، واتە بە خەباتی چینی کریکار پشت گەرم بیت و لەو خەباتە هیز و توانا وەربگری و لیرەوە، یانی لە جیگاوشوینی ئاسایی خۆیەوە ئەوجار بچیتە سوراغی هەموو بوارەکانی خەباتی سیاسی، نیزامی، کۆمەلایەتی و دیپلوماتیك لە کوردستان. بێگومان کۆمەلە نابی هیچ بوشایی‌یەك بۆ ناسیونالیستەکان و بۆ بورژوا_ لیبرالەکانی کوردستان بەجێ بهیلی و دەبی وەلامی گونجاوی بۆ هەموو گیروگرفتە سیاسی و کۆمەلایەتی‌یەکانی کۆمەلگای کوردستان هەبی. بەلام جیددی بوون و شیلگیر بوونی کۆمەلە، لەم بابەتەوە کاتیك دەردەکەوێ و کاتیك ئیسپات دەبی کە لە هەمان کاتدا خەریکی پتەوتر کردنی پیگەی چینایەتی خۆی بێ. بەو پێیەیە کە لە کونگرەی ١١دا وتومانە:

"ئەولەویەتی چالاکی و کاری ئیمە لە کوردستان هەول دانە بۆ ئەوەی چینی کریکار لە پرژوبلاوی و ناریکخراوی بیتە دەری، تا ئیستا لەم بابەتەوە هیندیك پیشرەوی کراوە، ئەو پیشرەوی‌یانە دەبی بکرین بە دەست مایە بۆ حەرەکەتی گەورەتر. کۆمەلە پیویستە هەموو هیز وتوانای خۆی لەپیناوی یارمەتی دان بە ریکخراو بوونی کریکاران بخاتە گەر. دیارە وەها رەوتیك لە جەرگەی خەباتیکی رۆژانە بۆ باشتر کردنی هەل و مەرجی ژیانی کریکاران دا دەتوانی بەرەوپیش بچێ. هەربۆیە پەرەپیدان بە خەباتیکی چروپری چینایەتی ئەرکیکی بەردەوامی کۆمەلە دەبی. ئیمە بانگەوازی پیشرەوانی کریکاری دەکەین بۆ ئەوەی راستەوخۆ دەست بەکار بن و ئەو ریکخراوانە سەربەخۆ لە دەولەت و لە سەرمایەداران پیك بێن و چوارچیوەکەی دابریژن و کریکاران هان بدەن کە لە ئاستیکی هەرچی بەرین تردا پێی پەیوەست بن. بەلام ئەوە بۆ ئیمە سەرەتا و دەستپیکی کاریکی گەورەترە. کۆمەلە پیویستە هەول بدات کە خەتیکی رادیکالی سوسیالیستی لەناو ئەو ریکخراوە کریکاریانەدا جیگیر بکات و بەرەوپیشی بەرێ.

چینی کریکار خۆی بێبەش ترین و زولم لیکراوترین بەشی کۆمەلگایە و باری ستەمی نەتەوەیی، بێعەدالەتی دەرحەق بە ژنان، باری نەبوونی ئازادی و سەرکوت و خەفەقان زیاتر لە هەموو بەشەکانی‌تری کۆمەل لەسەر شانی کریکاران قورسایی دەکات. تەواوی سەرخانی سیاسی دەسەلاتداریتی بورژوازی بۆ دریژە پێدان و بەردەوام راگرتنی کویلەتی و بێمافی ئەو چینە شکلی گرتووە. کریکاران نەك هەر هیچ قازانجیکیان لە مانەوەی ئەو بێمافیانەدا نیە بەلکو بەبێ تیپەر کردنی کۆمەلگا لەم بوارانە و بەبێ خەبات بۆ چارەسەر کردنی ئەم کیشانە، رزگاری ئابووری چینی کریکاریش ئیمکانی نیە. بۆیە هەر هەنگاویك بەرەوپیش چونی چینی کریکاری ریکخراو لەدژی کویلەتی نیزامی سەرمایەداری، لە هەمان کاتدا بەرەنگار بوونەوەیە لەدژی هەموو چەشنە هەلاواردن و نایەکسانی‌یەك کە لەم کۆمەلگایەدا ئینسانەکان ئازار دەدەن. حەرەکەتی سوسیالیستی چینی کریکار بەدەست بردن بۆ ریشەی هەموو ئەو مەینەتانە ئاسۆیەکی روون بەرەوروی بزووتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکانی هەموو بێبەشان دەکاتەوە.

چالاکی و ریبازی کۆمەلە لە کوردستان قایم ترین و باوەر پێکراوترین زەمانەت بۆ وەدسەت هینانی ئەم داخوازە رەوایانەن کە ئاماژەیان بۆ کرا.

ئەرکەکانی کۆمەلە لە زەمینەی خەبات بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی‌دا، بەرنامەی سیاسی و رەوشی خەباتکارانەمان ناسراون و کۆمەلانی خەلکی کوردستان رادەی پەیگیری و دلسوزی کۆمۆنیستەکانیان لەم زەمینەیەدا تاقی کردوەتەوە. کۆمەلە وەفادارترین وە شیلگیرترین هیزی ریگای لابردنی ستەمی نەتەوایەتی بوە و بەردەوام لەگەل رارایی و تەسلیم تەلەبی و فریوکاری هیزەکانی بەرەی راستی کۆمەلگای کوردستان کە بە شیوەیەکی خاو و خلیسك و ناپەیگیر قسە لە لابردنی ستەمی نەتەوایەتی دەکەن و هەر رۆژە بە لایەك دا با دەدەنەوە، بەرەوروو بوە و هەولی داوە زیانەکانیان بۆ خەباتی گەلی کورد کەم کاتەوە. وە لەمەبەدواش بێگومان هەر ئینسانیکی حەقخوازی تیکۆشەر دەتوانی جیگای خۆی لە خەباتیك دا کە کۆمەلە ریکخستن و بەرەوپیش بردنی وەئەستۆ گرتووە، بدۆزیتەوە.

**پرسیار**: *تەئکیدی کونگرە لە پەیوەند لەگەل خەباتی ژنانی کوردستان لەسەر چ نوکتەیەك بوو؟*

**وەڵام**: خەباتی ژنانی کوردستان بۆ بەدەست هینانی مافی یەکسان لەگەل پیاوان، یەکیك لە مەیدانە گرینگەکانی خەباتی کۆمەلە، لە کوردستانە و پیشینە و کاریگەری خەباتی کۆمەلە لەم رووەوە بۆ هەموان ناسراوە. ئەوەی کە لەم کونگرەیە بە وردی قسەی لێ کرا، ئەوە بوو کە پیویستە لەوەی کە تا ئیستا کراوە وە دەکرێ یەك هەنگاو بچینە پیشترەوە. ژنانی کوردستان ئیتر ئەم جەماوەرە ژیر چەپۆکەیە نین کە لە بەرانبەر هەر چارەنوسیك دا کە پیاوان یان دام و دەزگای دەسەلاتدار بۆیان دیاری دەکەن، تەسلیم بن. لەم سالانەی دوایی‌دا نیشانیان داوە کە هەستی بروا بەخۆ لە ناویان دا گەلیك گەشەی کردوە و زەمینەی کۆمەلایەتی لەبار خولقاوە بۆ ئەوەی یەك هەنگاو لەچاو ئەوەی کە تا ئیستا کراوە، بەرەوپیش تر بچن. کۆر و کۆمەلەکانیان گەورەتر کەنەوە، هەلسوورانی بەئاشکرای خۆیان پەرە پێبدەن. پێ بنێنە مەیدانی بەرپا کردنی ریکخراوی جەماوەری ژنان لە ئاستی شارەکان و لە ئاستی هەموو کوردستان.

هاوسەنگی هیز بە قازانجی بەرەی خەباتی ژنانی یەکسانی خواز گۆراوە و رژیم و جەریاناتی ئیسلامی دەوروبەری کەوتونەتە خۆ بۆ ئەوەی ئەو خەباتە لەئاستی هەموو ئیران دا ببەنە ژیر کونترولی خۆیان، بۆ ئەوکارە گۆڤار و بلاوکراوەیان هەیە، ریکخراوی رەسمی‌یان هەیە، لە کۆروکۆمەلی نیونەتەوەیی‌دا بەشداری دەکەن، بێگومان هەمووی ئەو کارانە لە نیهایەت دا بۆ ئەوەیە کە ریگا لەوە بگرن کە خەباتی ژنان، ئەساسی نیزامی سیاسی و فیکری و کۆمەلایەتی ئەوان بەریتە ژیر پرسیار، بۆ ئەوەیە پیش بە رادیکال تر بوونەوەی بگرن چون دەزانن بزووتنەوەی ژنان بۆ هەموار کردنی هەر هەنگاو ریگای پیشرەوی خۆی ناچارە لە چوارچیوەی یاسا و ریسای ئیسلامی و پیاوەمزنی تیپەر بێ. پووچەل کردنەوەی ئەم هەولانە بەبێ کاری ریکخراوی بە راستی جەماوەری، ناکرێ.

**پرسیار**: *ئایا لە روانگەی ئیوەوە هەلسورانی ئاشکرا لە کوردستانی ئیران لە بارودۆخی ئیستادا ئیمکانی هەیە؟ گرینگ ترین تیبینی کونگرە لەسەر چالاکی عەلەنی و قانونی لە کوردستان چی بوو؟*

**وەڵام**: بە بروای من نەك هەر ئیمکانی هەیە بەلکو تیکۆشانی عەلەنی و قانونی رەوتیکی خەباتی بەردەوامە لە کۆمەلگادا کە ئیمە دەورمان تێیدا هەبی یان نەبێ، خۆی بەریوە دەچێ. بەلام ئەو مەسەلەیە بۆیە دیتە ناو باسی ئیمەوە کە دەمانهەوێ ئەم رەوتە بە جیهەتیکی رادیکال دا بچیتە پیش و بەرەی پیشرەو و رادیکالی کۆمەلگا پێی بەهیز بێ. هەلسووراوانی ئەم بوارە کەسانیك بن کە بەبێ هیچ پەیوەندی‌یەکی تەشکیلاتیش خۆیان لە بەرەی چەپ و سوسیالیستی کۆمەلگادا ببیننەوە. بانگەوازی ئیمە بۆ ئەوەی تیکۆشەرانی بە ئەزمونی جیگای متمانەی جەماوەر بچن بەرەو هەلسورانی ئاشکرا، راگەیاندنی یەك سیاسەتە. راگەیاندنی ئەو سیاسەتە بەو مانایە نیە کە ئیمە تووشی ئەو خۆش باوەری‌یە بووبین کە گۆیا رژیمی ئیسلامی ماهیەتی گۆراوە و دەرگای رەحمەتی دیموکراسی‌یەکەی کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئیمەمانان دەست بکەین بە بەرپا کردنی بنکە و بارەگاکانمان لە شار و دێهاتی کوردستان و ئیقدامی‌تری لەم چەشنە. یان لە لایەکی دیکەوە دوژمن ئەوەندە بە ساویلکە بزانین کە گۆیا دەتوانین فریوی بدەین. لە رووەوە بە ناویك و لە ژیرەوە بە ناویکی‌ترەوە کار بکەین، بەلکو بەو مانایەیە کە پیمان وایە بەپیی هاوسەنگی واقعی هیز لە کوردستان، ئەوجۆرە هەلسورانە لە رادەیەکی بەرین دا ئیمکانی هەیە. وە سیاسەتی کۆمەلە تەشویق و هاندانی ئەم جەریانەیە کە بەدور لە پەیوەندی تەشکیلاتی ئەرکی بەرەوپیش بردنی خەباتی رۆژانەی جەماوەری کریکار و زەحمەتکیش بە ئاراستەیەکی رادیکال و پیشرەودا بەریوە بەرێ.

لیرەدا پیویستە ئاماژە بەو راستی‌یە بکری کە دوژمن بە تەواوی لەگەل ئەو شیوە کارە ئاشنایە و خۆشی دەزانی کە بەپیی یەك سیاسەتی دیاری کراو ئەم تیکۆشانە لەسەر ئەساسی هیچ چەشنە پەیوەندی‌یەکی ریکخراوەیی دانەمەزراوە. هەربۆیە هەول دەدات کە تیکۆشەرانی رادیکالی ئەم بوارە ئەوەندەی کە بۆی بکری لە مەیدانی ئەو خەباتە گشتی‌یەدا نەمینن و یان لانی‌کەم لە بەرەی رادیکال و پیشرەو دوریان خاتەوە. ئیمە هەولمان داوە کە تاکتیکەکانی خۆمان بناسینین، بەلام ئەوە کافی نیە بەلکو پیویستە بزانین دوژمنیش بە چ شیوەگەلیك لەم کیشمەکیشەدا کاری خۆی دەکات. دوژمن هەول دەدات ریبەرانی ناسراو و جیگای متمانە بەوەی کە نیسبەتیان دەدات بە ئەم یا ئەو ریکخراوی ئۆپوزیسیون مەودای کار کردنیان لەناو جەماوەردا بەرتەسك کاتەوە، تا کاتیك کە هەموو

خاسیەتەکانیان وەکو ریبەرانیکی کار لیهاتوی جەماوەری لی دەستێنێتەوە. یان موحافزە کاریان دەکات و بەرەو رەوتی سازان پالیان پیوە دەنی و لە بەرچاوی جەماوەر بێئیعتباریان دەکات.

کونگرەی ١١ی کۆمەلە ئەو سیاسەتەی خۆی بە رەسمی راگەیاند. ئەوە بە مانای ئەوەیە کە هەلسوراوانی ئەو بوارە ئەوە بزانن کە کۆمەلە ئەگەرچی پیوەندی ریکخراوەیی‌یان لەگەل ناگرێ بەلام بەکردەوە پشتیوانی‌یان لی دەکات.

**پرسیار**: *کونگرە سیاسەتی داهاتووی کۆمەلەی لەمەڕ چالاکی پیشمەرگانە چۆن دیاری کرد؟*

**وەڵام**: بە کورتی کۆمەلە سیاسەتی خۆی لەسەر کاری پیشمەرگانە، هەر بەسەر ئەو جیهەتەدا دەبات کە کونگرەی ١٠ی کۆمەلە، ٢ سال لەوەپیش باسی لی کردوە. بە نیسبەت بارودۆخی کوردستانی ئیران، گورانکاریەکی ئەوتۆ روی نەداوە کە پیویست بێ ئیمە چاو بە جیهەتی سیاسی خۆمان لەسەر خەباتی چەکداری‌دا بخشینینەوە.

سیاسەتی گرتن و زیندانی کردن و کوشت و بری رژیم هەروا دریژەی هەیە، مەجالی هیچ چەشنە چالاکی‌یەکی سیاسی ئاشکرا و رەسمی بۆ هیزیکی چەپ و کۆمۆنیست وجودی نیە. سوننەتەکانی ئەو خەباتە لەناو جەماوەردا زیندون و لەلایەن جەماوەرەوە پشتیوانی لی دەکری و گەلیك هۆی‌تر کە پیویستە ئەو شیوە لە خەبات بپاریزن. بەلام ئەوەی کە خەباتی چەکداری لەم دەورەیە ئەولەویەتەکانی بەپیی هەل ومەرجی سیاسی دیاری کراو چین؟ شیوەی کار و تاکتیکی چۆنە؟ رادەی چالاکی‌یەکانی چەندەیە؟ تووشی چ مەحدودیەت گەلیکە؟ پشتی جبهەکەی کوێیە؟ ئەوانە و گەلیك پرسیاری دیکە، هەموویان بابەتی لیکۆلینەوەی سیاسین و کار دەکەنە سەر دارشتنی تاکتیکی عەمەلی ئیمە لەم بوارانەدا. کونگرە لە هەموو ئەوانەی کولیەوە و ریگا و شوینی گونجاوی بۆ پاراستنی ئیدامە کاری هەلسورانی نیزامی کۆمەلە دیاری کرد.

**پرسیار**: *تا ئەوکاتەی کە رژیمی ئیسلامی لە ئیران لەسەر کارە و تا کاتیك کە خەلکی کوردستان هەست بە هەلاواردن و ستەمی نەتەوایەتی وەکو ئازاریکی هاوبەش دەکەن، هەمیشە رادەیەك لە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەنیوان هیزە سیاسی‌یەکانی ئوپوزیسیون لە کوردستان پیویست بوە. کونگرەی یازدەی کۆمەلە چ سیاسەتیکی لەم بابەتەوە دیاری کردوە؟*

**وەڵام**: کۆمەلە بە دریژایی سالانی رابردوو بۆ وەلام دانەوە بەو پیویستی‌یە سیاسەتیکی روون و ئەزمونیکی مەسئولانە و دەولەمەندی هەبووە و هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەستی بەو پیویستیەی ناو کۆمەلگای کوردستان کردوە و لە هەمان کاتدا کە هەولی داوە سیاسەتیکی سەربەخۆی چینایەتی و رادیکال بەریوە بەرێ ئەو راستی‌یەشی هەست پێکردوە کە بە هەر رادەیەك خەلکی کوردستان لە بەرامبەر دەولەتی مەرکەزی‌دا، لە خەباتیان بۆ کۆتایی هینان بە ستەمی نەتەوایەتی، یەك دەست تر ریز ببەستن، رژیمی ئیسلامی کەمتر دەتوانی لە کەلین و کەلەبەرەکانی ناو کۆمەلگای کوردستان بە قازانجی پرۆژەکانی خۆی کەلك وەربگرێ و لە ئاکام دا رەنج و خەسارەتی خەباتی ئەم خەلکە کەمتر دەبی و ریگای خیراتر و کەم دەردیسەرتر بەرەو سەرکەوتن، دەپێون. ئەگەرچی بەداخەوە بەهۆی کردەوەی بەرامبەرەکانی خۆی کۆمەلە هەمیشە لەم هەولانەی‌دا سەرکەوتوو نەبووە. ئیمە ئیستا لامان وایە کە هیزە سیاسی و جەماوەری‌یەکانی هەلسووراو لە کۆمەلگای کوردستان بە جیاوازی بەرنامەی سیاسی و پیگەی چینایەتیشەوە، ئەوەندەی کە بەو مەسەلەیە هەلدەگەریتەوە دەتوانن لە چوارچیوەگەلیکی دیاری کراودا لەدژی کۆماری ئیسلامی پەیوەندی، هاوکاری و هاوئاهەنگی‌یان هەبیت. کە وایە ئیمە هاوکاری لە بوارە عەمەلیەکانی خەباتی هاوبەش لەدژی رژیمی ئیسلامی لە کوردستان وەکو سەرەتایەك بەرەسمی دەناسین و لە ریگەی ئوسولیەوە هەولیشی بۆ دەدەین.

بەلام بەلای ئیمەوە ئەو پەیوەندی و هاوکاریە ناتوانی و نابێ سەربەخۆیی سیاسی و ریکخراوەیی و چینایەتی ئیمە بەریتە ژیر پرسیار، ناتوانی بە مانای ئەوە بێ کە مافی ئاسایی رەخنە گرتن و روون کردنەوەی روی راستی روداوەکان و دەربرینی هەلویست سەبارەت بە سیاسەت و ریبازی هیچ حیزبیکی سیاسی بۆ ئیمە بەرتەسك کاتەوە، بە واتایەکی‌تر مافی بێقەید و شەرتی هەلویست دەربرین و رەخنەگرتن بۆ هەمووان دەبی پاریزراو بێ.

لە مەسەلەی پیکهینانی بەرەیەکی سیاسی‌دا کە ئاستیکی بەرزتری هاوکاری و ریك کەوتنە، بەلای ئیمەوە گرینگ نزیك بوونی ستراتیژی ئەو هیزانەیە وا قەرارە لە بەرەیەك دا کۆببنەوە. بۆ نموونە ناکری هیزیك لای وابێ دەتوانی و دەبی کە ستراتیژی خۆی بە سیاسەت و بە بەرژەوەندی‌یەکانی دەولەتی ئامریکاوە ببەستێتەوە، لەگەل هیزیکی‌تر کە لای وابێ بەرژەوەندی‌یەکانی گەلی کورد و دەولەتی ئامریکا یەك ناگرنەوە و پەلاماری نیزامی ئامریکا بۆسەر ئیران نەك هەر رزگاری گەلی کوردی تیدا دابین نابێ بەلکو سەرەتای شکست و نسکۆی گەورەترە، ئەمانە لەگەل یەك لە بەرەیەك دا بن. هەربۆیە بە لای ئیمەوە گیروگرفتی گرینگ لەسەر ریگای پیکهاتنی بەرەیەکی کوردستانی ئەوە نیە کە لایەنیك بۆ نمونە خودموختاری دەوێ لایەنیکی دیکە فیدرالی یان مافی دیاری کردنی چارەنوس و جیابوونەوە، بەلکو مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە لە چ ریگایەکەوە و بە بەکار هینانی چ ئامرازگەلیك دەتوانن بەرەو ئەو ئامانجانە برۆن، کە هەموویان لە چوارچیوەی کیشەی نەتەوایەتی‌دا دەگونجین و ریگا ناگرێ لە هاوئاهەنگی و هاوکاری لەدژی رژیمی ئیسلامی.

دیارە بۆ ئەوەی بتوانین لەگەل هیزە سیاسی‌یەکانی‌تری هەلسوراو لە کوردستان بۆ باس کردن لەسەر ئەو مەسەلەیە دانیشتنی دوو لایەنە و چەند لایەنە بکەین پیویستە دلینا بین لەوەی کە چەند مەرجیکی بنەرەتیش لە هەموو لایەکەوە سەلمیندراوە. لەوانە سەلماندنی ئازادی بێقەید و شەرتی سیاسی وەکو مافیکی سەرەتایی خەلك لە کوردستان، بەلینی دان بۆ ئەوەی کە بە کردەوەش بەریوەی بەرن مەحکوم کردنی هەرجۆرە تیك هەلچونیکی چەکدارانەی نیوان هیزە سیاسی‌یەکانی ئوپوزیسیون لە کوردستان و پیکهینانی هەل و مەرج و میکانیزمیك کە جەماوەری خەلك لە مەترسی وەها روداوگەلیك رزگار بکات. بەلینی دان بۆ ئەوەی کە هیچ لایەنیك وتوویژی جیاواز لەگەل حکومەتی مەرکەزی‌دا نەکات.

**پرسیار**: *دەمانەوێ کە بێینەوە سەر باسی هەل و مەرجی سیاسی ئیستای عیراق، ئیوە پیشتر باسی ئەرکی رەوتی رادیکال و سوسیالیست لە جەرگەی ئەو هەل و مەرجەی ئیستای عیراقتان کرد، بە لە بەرچاو گرتنی ئەو راستی‌یەی کە کوردستانی عیراق لەچاو باقی شوینەکانی عیراق لە بارودۆخیکی جیاواز دایە، یەکەم پرسیارمان ئەوەیە کە داهاتووەکەی بەگشتی چۆن دەبینن؟*

**وەڵام**: ناسەقامگیر بوونی وەزعی سیاسی عیراق، داهاتووی ئەم ولاتەی لە بەردەم ئەگەری گۆرانکاری جۆراوجۆر داناوە، کە پیش بینی کردنیان بە وردی بۆ کەس ئاسان نیە. دیارە مەسەلەی کورد یەکیك لەو کیشانەیە کە دەوری گرینگی هەیە لە دیاری کردنی داهاتووی سیاسی ئەو ولاتەدا. پرسیاری ئەساسی ئەوەیە کە جەماوەری خەلکی کوردستان لە چارەسەر کردنی ئەو کیشەیەدا چ دەوریك دەبینن؟ ئایا چاوەروانی ئەوە دادەنیشین هەتا بە دور لە ئیرادە و رای ئەوان، نەخشەیەکی دیاری کراویان بۆ ئامادە بکرێ و بەسەریان دا بسەپێ؟ یان خۆیان بۆ خەباتیکی هەمەلایەنەی جەماوەری ساز دەدەن و ژیان بە ئازادی و مافی دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان بەسەر نەیارانیان دا دەسەپینن؟ گەورەترین ئەزمونی ئەم دەورەیە لە پشت بەستن بە ستراتیژی ئامریکا لە عیراق، ئیسپاتی چەندجارەی ئەو راستی‌یە بوو کە بەهۆی تەناقوزاتیکی زۆر کە سیاسەتی ئامریکا لەو ناوچەیەدا تووشی هەیە، ناتوانی و کە وایە ناشی هەوێ لەپیناوی چارەسەر کردنی مەسەلەی کورددا هەنگاویك هەلبگرێ.

سیاسەتی ئامریکا چ لە دەورەی تەداروکی هیرش بۆسەر عیراق و چ لە جەریانی شەر و چ لە دەورەی دوای شەردا ئەوە نەبوو کە وەلامیکی راستگۆیانە بە داخوازیەکانی رەوای خەلکی کورد بداتەوە. بەلکو مەبەست پیشگرتن بە هەلس و کەوتی سەربەخۆ، دووبەرەکی نانەوەی بەکردەوەی زیرەکانە، چاوەروان و لە پەراویزدا راگرتن لە ریگەی ریك کەوتنی شفاهی بەناو جیتلمەنانە، و سەرەنجام دور خەستنەوەی بەکردەوەی جەماوەر لە مەیدانی خەباتی راستەوخۆی سیاسی. کاتیك کە ئەوەی دواییان تەکمیل بوو، یانی وای لی هات کە جەماوەری خەلك دەوریکیان بۆ خۆیان لە شکل پێدان بە گۆرانکاریەکان دا، دانەنا، ئەوجار، بە گەلیك کەمتر لە مافی خۆیان رازی دەبن، ئەوجار نابنە کوسپ لە ریگەی بەناو چارەسەریەکانی بورژوازی مەحەللی و جیهانی‌دا و کە وایە گرینگ ترین مەسەلە بۆ ئیستای کوردستانی عیراق ئەوەیە کە جەماوەری خەلك تەسلیمی قەزا و قەدەر و چارەنوسیك نەبن کە دور لە چاوی ئەوان، دور لە بەرژەوەندی ئەوان بۆیان ئامادە دەکرێ، نەکەونە داوی بێتەفاوەتی سیاسی‌یەوە. ئەمنیەتیك کە ئیستا لە کوردستان (هەلبەت کەرکوك و دەوروبەری لێ بەدەر) لەچاو باقی شوینەکانی عیراق لیرە هەیە، جم و جولیکی ئابووری کە کەوتوەتە رێ، هەمووی ئەوانە لە نەبوونی ئیرادەیەکی سیاسی و وشیارانەی، ئامادە لە مەیدان دا، دەتوانی کاتی بێ و ستراتیژی سیاسی واقع بینانە ئەوەیە کە پیش بە پیکهاتنی رەوتی بێتەفاوەتی سیاسی بگرێ، وەها ستراتیژیك تەنیا کاتیك سەرکەوتوو دەبی کە کەش و هەوایەکی بە تەواوی ئازاد، حاکم بێ و جم و جولیکی سیاسی بەرفراوان بکەویتە رێ، هاوکات بۆ هەموو ئەو مەسەلە ئابووری و کۆمەلایەتیانەی کە ژیانی خەلکی کریکار و زەحمەتکیشی تال کردوە، وەلامی گونجاوی قوناغی ئیستای هەبێ.

**پرسیار**: *کونگرەی یازدەی کۆمەلە چ ریگا چارەیەکی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی لە کوردستانی عیراق بە گونجاو دەست نیشان کرد؟*

**وەڵام**: تەئکیدی کونگرەی یازدەی کۆمەلە لەسەر مافی دیاری کردنی چارەنووس بە مانای مافی جیابوونەوە و پیکهینانی دەرفەتی سەربەخۆ بوون، بوو. ئیمە پیش ئەوەی کە بچینە سەر هەل و مەرجی سیاسی کونکریتی ئیستا لە کوردستانی عیراق لە پیشینەی سیاسی و میژووی ئەو ئامانجەمان کۆلییەوە:

دەولەتی عیراق بەرهەمی هەلوەشانەوەی ئیمپراتورییەتی عوسمانیە کە یەکیك لە ئاکامەکانی شەری جیهانی یەکەم بوو. کاتیك کە لە سالی ١٩١٨ دەولەتە گەورەکانی سەرکەوتوی شەر یانی ئینگلیس و فەرانسە، بریاریان دا کە سەرزەویەکانی ژیر دەسەلاتی دەولەتی تیك شکاوی عوسمانی بە چەندین ولاتی چکۆلە دابەش بکەن، دەولەتی عیراق یەکیك لەوان بوو. سەرەتا لە سالی ١٩٢٠ بریاریان دا دەولەتیکیش بەناوی کوردستان دروست بێ بەلام دووسال دواتر لە سالی ١٩٢٣ لەم بریارە پاشگەز بوونەوە. بەمجۆرە دەولەتیکی جیاواز بۆ خەلکی کورد لە کوردستانی ژیر دەسەلاتی ئیمپراتورییەتی عوسمانی‌دا پیك نەهات. لەو کاتەوە تا ئیستا خەلکی کورد لەم بەشە لە کوردستان وەکوو هاولاتییەکی پلە دوو چاوی لیکراوە و لە مافی یەکسان لەگەل دانیشتوانی‌تری عیراق بێبەش بووە. ئەم ستەم و هەلاواردنە بۆتە هەوێنی موقاومەتیکی جەماوەری دەیان سالە. بەلام ئەم خەبات و موقاومەتە بە پیچەوانەی بەرژەوەندی‌یەکانی خەلکی زەحمەتکیش ریبەری کراوە و سەرکردایەتی بزووتنەوەکانی لە کوردستان بەکردەوە پاریزەری دواکەوتویی‌یەکانی کۆمەلگا بوون و خزمەتیان بە بەرژەوەندی‌یەکانی چینە دارا و چەوسینەرەکانی کورد کردووە.

ئەگەرچی دروشمی خەبات و موقاومەت لە کوردستانی عیراق هەرگیز بە رەسمی جیابوونەوە و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ نەبووە، بەلام لە واقعیەت دا نەفسی بەرپا بوونی ئەم موقاومەتە هەلدەگەریتەوە بۆ ئەو دەورانەی کە نەتەوەی کورد دەولەتی جیاوازی بۆ پیك نەهات و لەنیوان چەند دەولەتی‌تردا دابەش کرا. ئاواتی پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆی کوردی بەردەوام هاندەری موقاومەت بوە و لە ریگای ئەدەبیات و هونەر و شیعر و موسیقا و پروپاگەندەی سیاسی‌یەوە، ئەو ئاواتە چوەتە ناو جەرگەی جەماوەرەوە و ویستی پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆی کوردی لە عیراق، ئاواتیکی شاراوەی پشتەوەی شانۆی سیاسەت لە عیراق بووە.

سەرکوتی وەحشیانەی رژیمەکانی دەسەلاتدار لە عیراق، بەریوە بردنی سیاسەتی ویران کاری و تەعریب و ئاوارە کردن و قالاچۆ کردن لەلایەن رژیمی لەناوچوی بەعسەوە، رۆژلەگەل رۆژ کەلینەکانی نیوان خەلکی کورد و عەرەبی قوولتر کردەوەتەوە و ئاواتی جیابوونەوەی زۆرتر لەناو ناخی جەماوەری کوردستانی عیراق دا جیگیر کردووە. ئاشکرایە کە ئەوەندەی خەلکی چەوساوە و هەژار هەستیان بە بێمافی کردوە و حورمەتی ئینسانی‌یان پیشیل کراوە، هەرگیز بۆ بورژواکان و چینە دارا و دەولەمەندەکانی کوردستان وا نەبوە. چین و تویژەکانی خاوەن سەروەت و دەسەلات هەست بەوە دەکەن کە سازان لەگەل دەولەتی ناوەندی و بەشداری کردن لە دەسەلات دا ئەوەندەی کە پەیوەندی بە ئەوانەوە هەیە، کیشەی نەتەوایەتی‌یان بۆ چارەسەر دەکات، بەلام قوولایی ئەو بێمافی‌یە و نەفرەتیك کە بەهۆی ستەمکاری‌یەوە لەناو دلی جەماوەری کوردستان دا پەنگی خواردوەتەوە، بیروڕای گشتی جەماوەری بەرەو ئەوە راکیشاوە کە بیهەوێ جیابوونەوە و پیکهینانی دەولەت لە کوردستان بۆ رزگاری خۆی تاقی کاتەوە. هەموو میژووی پیکهاتنی ولاتی عیراق میژووی خەباتی خەلکی کوردستانی عیراق و ویست و داخوازی ئەمرۆیان ئەوەمان پێ دەلین کە کیشەی کورد لە کوردستانی عیراق چارەسەر ناکری مەگەر ئەوەی کە ئەو فورسەتە بە خەلکی کورد بدرێ کە بە ئازادی لەسەر مانەوە یان نەمانەوەیان لە چوارچیوەی ولاتی عیراق دا بریار بدەن. کیشەی واقعی ئیستا لە کوردستانی عیراق بەر لەوەی کە فیدرالیزم بێ، بەهرەمەند بوون لەم مافە سەرەتایی‌یەیە کە لێ زەوت کراوە. کاتیك دەلین بە ئازادی بەبێ هیچ چەشنە زەخت و زۆریك، مانای ئەوەیە کە بە هەموو دانشتوانی کوردستان، بە هەموو ئەو خەلکەی کە خۆیان بە کورد دەزانن و لە کوردستان دەژین ریگا بدرێ کە لە کەش و هەوایەکی ئازاددا لە ریگەی پیکهینانی کۆر و کۆمەل و ریکخراو و حیزبی سیاسی‌یەوە، لە ریگای کەلك وەرگرتن لە راگەیەنەرە گشتی‌یەکانەوە خۆیان بۆ دانی وەها بریاریك ئامادە کەن و لە وەها بریاردانیك هیچ چەشنە هەرەشە و مەترسی‌یەك بەسەر سەریانەوە نەبیت. بۆ نمونە لە کاتیك دا کە دەولەتی ئیران، تورکیە و سوریە ددان لە خەلکی کوردستان تیژ دەکەنەوە وە بەلای کەمەوە هەرەشەی داخستنی سنورەکان و برسی راگرتنیان لی دەکەن، لە کاتیك دا کە دەولەتی ئامریکا وەکو هیزیکی دەسەلاتدار لە عیراق کە هیزی چەکداری لیرەیە و کونترولی نان و ئاوی خەلکی بەدەستەوەیە، دژایەتی ئەو پرۆسەیە دەکات، لە کاتیك دا کە شوڤینیستەکانی عەرەب لە دەسەلات دا هەرەشە دەکەن و چاو سور دەکەنەوە، لە وەها هەل و مەرجیك دا ناتوانی قسە لە راپرسی و بریاری ئازادانەی جەماوەری خەلك بێ.

بەریوەچوونی ریفراندومیك لە کەش و هەوایەکی ئازادی سیاسی‌دا ریگایەکە بۆ بەهرەمەند بوون لەو مافە، ریفراندومیك کە تێیدا خەلکی کوردستانی عیراق بریار بدەن کە ئایا لە چوارچیوەی دەولەتی عیراق دا دەمیننەوە یان جیا دەبنەوە و دەولەتی سەربەخۆ لە کوردستان پیك دینن؟ دیارە مەبەستم لەم چەشنە بەناو راپرسینە نیە کە لەماوەی رابردوودا لەژیر ناوی هەلمەتی ریفراندوم بەریوە چوو. لام وایە ئەم پرۆسەیە بەم شیوەیەی کە بەریوە چوو، بەو مەبەستە سیاسی‌یە کورت بینانەیەی کە لە پشتیەوە بوو، نەك هەر خزمەتی بە نیشاندانی ئیرادەی جەماوەری نەکرد بەلکو خالە لاوازەکانی خەباتی سەردەمی ئیستای خەلکی کوردستانی بۆ دوژمنانی ئەو خەلکە زیاتر دەرخست. لیرە لە کوردستانی عیراق پیش ئەوەی دەست ببردرێ بۆ ریفراندوم پیویستە ئەو بەرنامەی کار و ریگا و شوینەی کە ئیمە لە ریفراندومیکی ئازاد نزیك دەکاتەوە، دابریژرێ و بەریوە بچێ.

**پرسیار**: *ئایا فیدرالیزم دەتوانی مەسەلەی کورد لە کوردستانی عیراق چارەسەر بکات؟ جیگاوشوینی ئەو دروشمە وەکو واقعیەتیکی سیاسی کە ئیستا لە کوردستانی عیراق لە کایە دایە چۆن دەبینن و تیبینی کونگرە لەم بابەتەوە چی بوو؟*

**وەڵام**: فیدرالیزم لە فەرهەنگی سیاسی‌دا بە دوو مانای کەم و زۆر جیاواز بەکار دیت، یەکیان بە مانای ناناوەندی‌یەتێکی ئیداری‌یە، یانی دابەش کردنی دەسەلاتی ئیدارەی ناوەندی بەسەر چەندین ئەیالات دا. جۆری دابەش بوونی ولات بەم ئەیالەتانە هیچ پەیوەندی‌یەکی بە جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و شتی‌ترەوە نیە و دیاری کردنیکی تەکنیکی و یان جوگرافی‌یە. بەپیی وەها گەلالەیەك دەسەلاتیکی زۆرتر لە روی بەریوە بردنی کار و باری ئیداری ناوخۆ، لە ئاستیکی دیاری کراودا دەدرێ بە دام و دەزگاکانی بەریوەبەری مەحەللی. ئەوەی کە لە گەلالەی فیدرالیزم لە عیراق دا بە فیدرالیزمی پاریزگاکان ناوی لێ دەبردرێ، ئەو حالەتەیە کە باس کرا و هیچ پەیوەندی‌یەکی بە چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە عیراقەوە نیە.

مانای دووهەمی فیدرالیزم، بریتی‌یە لە شیوەیەك کە بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی کە لە چوارچیوەی ولاتیکی دیاری کراودا دیتە گۆرێ. سنورەکانی وەها حکومەتیکی فیدرال بەپیی تاریف دەبی هەموو ئەو شوینانە بگریتەبەر کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی دەیانهەوێ لە چوارچیوەی دەسەلاتیکی کوردستانی‌دا بژین. بەلام نوکتەی گرینگ ئەوەیە کە بەرەسمی ناسینی هەرچەشنە مافیکی نەتەوایەتی و چوارچیوەیەکی حکومەتی مەحەللی لە روانگەی دەولەتی مەرکەزی‌یەوە ریگایەك بۆ پاراستنی یەکگرتوویی ولاتی عیراق و لە روانگەی جەماوەری خەلکی کوردستانیشەوە هەنگاویکە بەرەو دابین بوونی ماف نەتەوایەتی‌یان. ئەوەی کە ناسیونالیستەکانی عەرەبی دەسەلاتدار لە عیراق دەترسینی نەفسی چوارچیوەی فیدرالیزم نیە بەلکو ئەوان مەترسی ئەوە دەکەن کە خەلکی کورد لە چوارچیوەی حکومەتی فیدرالی داهاتوودا و هەر بەپیی پیوانەکانی دیموکراسی‌یەکی رۆژئاوایی، رۆژیك لە رۆژان بریاری جیابوونەوە لە عیراق بدەن. ئەگینا ئەگەر نیگەرانی لە دەربرینی دەنگی ئازادانەی جەماوەر بۆ دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان نیە، فیدرالیزم خۆی ئامرازەکانی سەرەکی دەسەلات کە هەر لە ریگای ئەوانەوە ستەمکاری خۆی دەسەپینی لەدەست دەولەتی مەرکەزی ناستینیتەوە و بەو پێیە خۆی لە خۆی‌دا نە کۆتایی بە ستەمی نەتەوایەتی دینی و نە دەسەلاتی دەولەتی مەرکەزی دەباتە ژیر پرسیار. ئەو ئامرازانەی دەسەلات کە بەدەست دەولەتی ناوەندی‌یەوە دەبن هەر ئەوانەن کە هەر دەولەتیك کە بیهەوێ دەتوانی بە بەکار هینانیان دریژە بە سیاسەتی ستەمکارانەی خۆی دەرحەق بە هەر نەتەوەیەك بدات. ئەوە چ دەسەلاتیکە کە لەژیر سیبەری ئەرتەش و دام دەزگای داپلوسینەری دەولەتی ناوەندەی‌دا دادەمەزرێ و چاو لە دەستی بەرنامە داریژەرانی دەولەتی بورژوایی لە بەغدایە کە سیاسەتی ئابووری بۆ دیاری بکەن و هەرکات پیویست بوو بە زەختی ئابووری لەناو خۆیدا خەفەی بکەن؟ ئەوە چ دەسەلاتیکی نەتەوەیی‌یە کە بەهۆی پاوان و کونترولی سیاسەتی دەرەوە لەلایەن دەولەتی ناوەندی‌یەوە، ریگا نادات هاواری کپ کراوی خەلکی کوردستان بە دەرەوەی خۆی بگات؟

واقعیەت ئەوەیە، داهاتووی حکومەتی فیدرالی کوردستان تەنانەت ئەگەر ئەو پرۆژەیە وەکو چون حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لە ئەوپەری خۆیدا دەیانهەوێ هەر بەمجۆرە گەلالە بکرێ، بە تەواوی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چ دەولەتیك و بە چ ناوەرۆکیکی سیاسی‌یەوە لە بەغدا لەسەر کار دەبی و ئەو ئامرازانەی دەسەلاتی خۆی چۆن بەکار دێنی؟ ناتەواوی دروشمی فیدرالیزم بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوەیی لە ئاساس دا لەوە دایە کە ناوەرۆکی سیاسی و چینایەتی ئەو دەولەتەی کە ئامرازەکانی سەرکوت و داپلوسینی بەدەستەوەیە، لەبیر دەباتەوە. بە بروای من نە ئەو دەولەتەی ئیستا خەریکە گەلالە دەبی و نە دەولەتیك کە بەرهەمی سازانی داهاتوو لەگەل ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی میانەرەو بۆ ئارام کردنەوەی وەزعیەتی ئیستا بیتە کایەوە و نە دەولەتیك کە بەرهەمی موقاومەتیك بێ کە ئەمرۆکە ناسیونالیستەکانی عەرەب لە عیراق و ئیسلامیەکانی توندرەو ریبەری دەکەن،ئەوانە هیچ کامیان چاوەروانی ئەوەیان لێ ناکرێ کە مافەکانی خەلکی کوردستان بسەلمینن. بە هەمووی ئەوانەشەوە ئەگەر ئەمرۆ لە کوردستانی عیراق هەموو راستی‌یەکانی پەیوەندی‌دار بەم مەسەلەیە بە خەلك بوتری و بێتوانایی ئەم بەناو ریگا چارەیە بۆ کۆتایی هینان بە ستەمی نەتەوایەتی دەست نیشان بکرێ، ئاسۆیەکی روون بەرەو داهاتوو دیاری بکرێ و ببێ بە بنەمای بوژانەوەیەکی سیاسی پیشکەوتن خوازانە لەم ولاتە، ئەوە بە فیدرال بوونی کوردستانیش لە چوارچیوەی هاوسەنگی واقعی ئەمرۆی هیزەکان دا دەتوانی گەلالەیەك بێ بۆ گوفت و گۆ و ریککەوتن لەنیوان نوینەرانی راستەقینەی جەماوەر و خاوەن دەسەلاتەکان لە بەغدا.

**پرسیار**: *لە پەیوەند لەگەل خەباتی ئازادیخوازانەی خەلکی کوردستانی عیراق دا کۆمەلە وەکوو هیزیکی کۆمۆنیستی هەلسووراو لە کوردستانی ئیران لیرە چ ئەرك و وەزیفەیەك بۆخۆی دادەنێ؟*

**وەڵام**: خەلکی کورد لە کوردستانی عیراق شیاوی ئازاد بوون، ئازاد ژیان و بەهرەمەند بوون لە ماف دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان بە مانای پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆن. کەس بۆی نیە ئەو خەلکە تیکۆشەرە کە سالهای سالە ئازار دەبینن و دەچەوسینەوە، لەم مافە سەرەتایی‌یە بێبەش بکات. کۆمەلە لانی‌کەم لە دوو زەمینەی دیاری کراودا دەتوانی زەرفیەت و توانایی‌یەکانی خۆی بۆ خزمەت کردن بە خەلکی چەوساوە و ستەم لیکراو لە کوردستانی عیراق بەکار بینێ:

یەکەم، دەرخستنی روی راستی روداوەکان، دەست نیشان کردنی ئەو کەند و کۆسپانەی کە لەسەر ریگای ئازادی خەلکی کوردستانن، پوچەل کردنەوەی ئەو پروپاگەندەی کە تۆوی نائومیدی لەناو خەلك دا بلاو دەکاتەوە و هەل و مەرجی ئیستا بە تەنیا چارەنوسی ئەو خەلکە دەنوێنێ، بروا بە خۆیان لی دەسێنێتەوە و چاو لە دەستی هیزی دەرەکی بۆ نەجاتی رایان دەگرێ. پیشینەی سیاسی کۆمەلە لەم ناوچەیە و هەلویستی راشکاو و راستگۆیانەی لە یەك دوو سالی رابردوودا بەرانبەر بە رەوتی روداوەکان، دەرفەتیکی باشی بۆ کاری وشیاری دەرانە بۆ کۆمەلە رەخساندوە و ئەرکی سەرشانیەتی کە بە باشی کەلکی لێ وەربگرێ.

دووهەم، هاندانی خەلکی کوردستانی ئیران بۆ پشتیوانی بەردەوام و گەرم و گۆر لە خەلکی ستەم لیکراو و ئازار چیشتوو لە کوردستانی عیراق بۆ ئەوەی ماف دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان وەدەست بینن. هەول دان بۆ پوچەل کردنەوەی ئەو پیلانانەی کە سێقولی و چوارقولی لەلایەن دەولەتەکانی ئەو ناوچانە کە خەلکی کوردی تیدا دەژین، لەدژی خەلکی کوردستان دادەریژرێن.

## پاشماوەی بارودۆخی کوردستانی عیراق و ئاسۆی دوارۆژ

یەکەم، ولاتی عیراق کەوتوەتە ناو بارودۆخیکی گەلیك ئالۆزەوە. تەناقوزاتی ناوخۆی ئەو ولاتە کە لەژیر زەختی دیکتاتوریەتیکی بێسنووردا شاردرابوونەوە، ئیستا هەموویان سەریان هەلداوە. بەبێ ئەوەی دەولەتی ئامریکا وەکوو فاتیحی ئەو ولاتە هیچ پلانیکی روونی بۆ چارەسەر کردن وە یان تەنانەت بۆ هێور کردنەوەی ئەو تەناقوزاتە هەبێ، وە ئەگەر هەشی بێ بتوانی جێبەجێ بکات. داهاتووی سیاسی لە عیراق ناروونە و ئەمرۆکە دەسەلاتی واقیعی بە عەمەلی لەو ولاتە دابەش کراوە. زۆربەی هەرەزۆری خەلکی کوردستان کە لە رابردووش دا خوازیاری جیابوونەوە بوون ئیستا بە تایبەت بەهۆی ئەم بارودۆخەی کە عیراق بەگشتی تێیدایە، ئەم هەستە لە ناویان دا گەشەی کردووە. ئەوان هیچ ئاسۆیەکی روون لە گرێدانی خۆیان بەم هەل و مەرجە دژوار و ناجێگیرەی کە ئیستا لە عیراق دا لە کایە دایە نابینن.

دووهەم، هەموو ئەزموونی ژیان و خەباتی خەلکی کوردستان و هەموو جیهان نیشانی داوە، تەنیا ئەو دەسکەوتە بەردەوام و جێگیر دەبی کە بە هیزی خەباتی راستەوخۆی جەماوەر بەدەست هاتبێ، یان لانی‌کەم هیزی خەباتی جەماوەری لەپشت بێ. هەل و مەرجی سیاسی ئیستای کوردستان ناجێگیرە و بەریوەچوونی هیچ پرۆژەیەکی ئەساسی بۆ دوارۆژی کوردستان بەبێ بوژانەوە و تەحەروکیکی سیاسی لە ئاستیکی بەرینی کۆمەلایەتی‌دا مومکین نیە. لە جەرگەی بێتەفاوەتی سیاسی‌دا و لە جەرگەی سەرقال بوونی جەماوەر بە چەند دەسکەوتیکی کاتی ئابووری، لە پیناوی‌دا چول کردنی مەیدانی خەباتی سیاسی، هیچ دەسکەوتیك بەدەست نایەت. هیوا بەستن بە سیاسەتی دەولەتی ئامریکاش بێسەمەرە. بەرژەوەندی‌یەکانی ئامریکا و بەرژەوەندی‌یەکانی خەلکی کوردستان لە روی بابەتی‌یەوە لەم ناوچەیەدا یەك ناگرنەوە و ئەگەر ئەوە دەسەلمینین کە ئامریکا بە شوین بەرژەوەندی خۆیەتی، پیویستە بە خەلکی ستەم لیکراوی کوردستانیش بوترێ کە ئەوانیش بیر لە بەرژەوەندی خۆیان بکەنەوە. سەلماندنی ئەو راستی‌یە مەرجی بوژانەوە و بە ئاگا بوونەوە و بروا بەخۆ لە ئاستیکی کۆمەلایەتی دایە.

سێیەم، ئەگەرچی مەسەلەی کورد کیشەیەکی تەنیا تایبەت بە عیراق نیە و خەلکی کورد لە کوردستانی ئیران و تورکیە و سوریە، هەرکامەیان بە رادەی جۆراوجۆر لەژیر ئازاری هەلاواردن و ستەم دان، بەلام بەپیی میژووی واقیعی و پیکهاتەی هەرکام لەو ولاتانە، بەپیی بارودۆخی سیاسی ئیستا و داهاتووی دەسەلات لەو ولاتانە، بەپیی مەیل و بۆچوونەکانی جێکەوتووی ناو خەلکی کورد لەو ولاتانە، هەرکامەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و شەرت نیە یەك ستراتیژ رەچاو کەن و یەك ئامانج لەبەر چاویان بێ. دەکرێ هەرکامەیان ریگای خۆیان بۆ لە ناوبردنی ستەمی نەتەوایەتی بپێون.

چوارەم، فیدرالیزم چارەسەری مەسەلەی کورد ناکات، بەلام دەتوانی هەلبژاردنیك بێ کە لە روی هاوسەنگی هیز لەم قوناغە یان لە قوناغیکی دیکەدا، بۆ هێور کردنەوەی باری ستەمی نەتەوایەتی، بۆ پشوودان و... بیتە کایەوە. فیدرالیزم ریگا چارە نیە، نەك لەبەر ئەوەی کە خەلکی کوردستانی عیراق دوو پێیان کردبێتە کەوشیکەوە و بە هیچ شتیك کەمتر لە کوردستانیکی سەربەخۆ رازی نەبن! بەلکو لەبەر ئەوەی کە ناتوانن متمانە بە دەولەتیکی نادیموکراتیك کە لەسەر پیکهاتەی مەزهەبی و عەشیرەتی یان لە ئاکامی موقاومەتیك کە ئەمرۆکە ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی توندرەو لە عیراق بەریوەی دەبەن، هاتبێتە کایەوە. ئەویش لە کاتیك دا کە بە رەسمی و بەپیی گەلالەی فیدرالی لە باشترین حالەتی خۆیدا، حکومەتی ناوەندی ئەرتەش و هیزەکانی ئەمینەتی، پول و ئابووری، سیاسەتی دەرەوەی بەدەستەوە بێ، کە دەتوانی ئەمانە وەکوو ئامرازەکانی ئەسلی ستەمی نەتەوایەتی سەرلەنوێ بەکار بێنێتەوە، یان لە کاتیك دا کە هەر ئیستا لە بیری دابەش کردنی کوردستان و کیشە نانەوە تێیدان. تەنانەت ئەوانەی کە ئەمرۆکە لەناو دەزگای حکومەتی عیراق دا لایەنگری جۆریکی تایبەت لە فیدرالیزمی بە دلی خۆیانن، ئەو فیدرالیزمە دەسەلمینن نەك لەبەر ئەوەی کە مافیکیان بۆ خەلکی کورد سەلماندبێ بەلکوو بۆ ئەوەیە یەکیتی خاکی عیراقی پێ بیاریزن. یانی روانگەی ئەوان لە سەلماندنی فیدرالیزمیش دا هەر بۆنی شوڤێنیزمەکەیانی لێ دێت. ئەوە ریك لەسەر نمونەی ئیرانیش هەر وایە. ئیستا کەم نین مەلێکیەکان و ناسیونالیستەکانی جۆراوجۆری ئیرانی کە فیدرالیزمیان بۆ هەموو ئیران لە خودموختاری بۆ کوردستان پێ باشترە، چونکە خودموختاری گەلالەیەك بوو تایبەت بە کوردستانە و ئەوان نایانهەوێ تایبەتمەندی مەسەلەی کورد بسەلمێنن. هەربۆیە من لام وایە گۆرینی دروشمی "خودموختاری بۆ کوردستانی ئیران" بە دروشمی فیدرالیزم بۆ هەموو ئیران، لە ناوەرۆکی واقیعی خۆیدا لە روانگەی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد کە حیزبی دیموکرات لە دوایین کونگرەی خۆیدا پەسەندی کردووە هەنگاویکە بەرەو دوا و فورمولێکە بۆ هاوپەیمانی لەگەل ناسیونالیزمی ئیرانی (کە ئەوە خۆی جیگای باسیکی ترە).

پێنجەم، هەلویستی عادلانە و ئینسانی ئەوەیە کە بە خەلکی کوردستانی عیراق ئەم فورسەتە بدرێ کە لەم قوناغە تیپەر بێ و بە ئازادی و بەبێ هیچ چەشنە زەخت و زۆریك بریار لەسەر چارەنووسی خۆی لە مەڕ پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ بدات. کە وایە کیشەی واقیعی ئیستا لە کوردستانی عیراق بەر لەوەی کە فیدرالیزم بێ، بەهرەمەند بوونە لەو مافە سەرەتایی‌یەی کە لێ زەوت کراوە. دیارە بەریوەچوونی ریفراندومیك کە تێیدا خەلکی کوردستانی عیراق بریار بدەن کە ئایا لە چوارچیوەی دەولەتی عیراق دا دەمیننەوە یان جیا دەبنەوە و دەولەتی سەربەخۆ لە کوردستان پیك دینن. ریگایەکە بۆ کەلك وەرگرتن لەو مافە. وە بەشداری چالاکانە لە وەها پروسەیەکدا بەبێ ئەو بوژانەوە سیاسی‌یەی کە باسم کرد مەیسەر نابێ.

ئیستا با راستەوخۆ بچینە سەر وەلامی پرسیارەکەی ئیوە: لە وەها ریفراندومیك دا کە باسم کرد ئەگەر ئیمە ماف دەنگدانمان هەبێ، لایەنگری جیابوونەوەی کوردستان لە عیراق و پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ دەبین. لە وەلامی ئیمەدا دەوترێ کە ئەمە خەونیکە کە وەدیهاتنی دژوارە بەلام ئیمەش پرسیار دەکەین: مەگەر پیکهینانی حکومەتیکی فیدرال کە هەموو جوغرافیا و خەلکی کوردستان بگریتەوە و جەماوەری دابڕدابڕ نەکردبێ و سەرچاوەکانی سەروەتی لێ دانەبرابێ، پرۆژەیەکی ئاسانە؟ هەر دەسکەوتیکی واقیعی پیویستی بە بوژانەوەی سیاسی هەیە و ئەو بوژانەوەیە بەبێ دیاری کردنی ئاسۆیەکی روون ناکرێ.

یەکیك لەو کەند و کۆسپانەی کە دیتە سەر رێ، ئەگەری دەست تێوەردانی دەولەتانی دراوسێیە. بەلام مەگەر هەر ئیستا کە تەنیا بۆنیك لە فیدرالیزم بەسەر ئەو ولاتەدا هاتووە، پیلانەکانی ئەوان دەستی پێنەکردووە؟ با قسە لە کۆماری ئیسلامی بکەین: ئەو رژیمە هەر ئیستا لەژیر زەختی خەباتی جەماوەری لە ئیران دایە. لە جەرگەی ئەو هەل و مەرجەی ئیستای ئیراندا پیویستە حیسابیکی جیدی بۆ پشتیوانی خەلکی کوردستانی ئیران لە خەلکی کوردستانی عیراق لە کاتی دەس تێوەردانی بەرینی کۆماری ئیسلامی لە کار وباری ئەو ناوچەیەدا بکەین. من گومانم لەوەدا نیە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بیهەوێ بۆ وینە لەشکرکیشی بکات بۆ کوردستانی عیراق بە هەل و مەرجیك کە ئیستا بەگشتی تیدایە، لەوانەیە پشتی جەبهەکەی خۆشی لەدەست بدات و یان ناچار بە پاشەکشە بێ.

لەسەر هەلویستی کوردەکانی دەرەوەی ولات پیویستە حیسابی ئەو کەسانەی کە پەیوەندی حیزبایەتی‌یان هەیە و هەلسووراوی سیاسی بواریکی دیاری کراون لەگەل جەماوەری کورد لە دەرەوەی ولات جیاوازی دابنین. کیشەی جەماوەری کورد لە دەرەوەی ولات نزیکە لە کیشەی هەموو کەمە نەتەوایەتی‌یەکانی دنیا کە لە ولاتانی پیشکەوتوی پیشەسازی‌دا دەژین. هەستی نامۆیی لەگەل سیاسەت و فەرهەنگ و زمانی باو لەو ولاتانە، ریگە نادات کە ئەوان وەکوو هاولاتیکی یەکسان بژین و کار بکەن و تیکەلاوی کۆمەلگاکە بن. بە کردەوە یان بەرەسمی هاولاتی دەرەجە دوون و لە زۆر شوین لەژیر زەختی بەردەوامی رەوتیکی ئاشکرا یان شاراوەی دژی خارجی‌دا دەژین. هەموو رۆژ و سەعاتیك هەوییەتی نەتەوەیی خۆیان بیر دەکەویتەوە یان بیریان دەخەنەوە. ئەم وەزعە وای کردوە کە هەلویستی سیاسی ئەوان لەسەر مەسەلەی کورد بەر لەوەی کە بارودۆخی سیاسی واقیعی کوردستانی لە بەرچاو بێ، رەنگدانەوەی هەل و مەرجی ژیانی خۆیان لەو ولاتانە بێت.

*

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 193 JULY: 2004

# بارودۆخی کوردستانی عێراق و ئاسۆی دوارۆژ لە وەڵامی پرسیارێك دا

***وتووێژی گۆڤاری رێوان (بڵاوکراوەی سەنتەری راگەیاندن و روناکبیری ژنان ژمارەی ٨١) لەگەڵ هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە***

رێوان: سەربەخۆیی خەونی هەموو کوردێکە لە هەر کوێیەك بێت، ئەمرۆ جۆریك لە ناکۆکی و جیاوازی هەیە لە تێروانینی نووسەران و روشنبیرانی کورد لە دەرەوەی کوردستان و ناوەوە، ئەوانەی لە دەرەوە دەژین زۆربەیان داوای سەربەخۆیی دەکەن، زۆربەی ئەوانەش لە کوردستاندان بە فیدرالی رازین. ئایا ئەم جیاوازیە لە تێروانیندا سەبارەت بە چارەنووسی کوردستان بۆچی دەگەرێتەوە؟ بە رای ئیوە ئیستا دەبی کورد داوای چی بکات؟

ئیبراهیمی عەلیزادە: بۆ ئەوەی بتوانم وەلامی ئەو پرسیارەی ئیوە لەچەند رستەی شەفاف دا بدەمەوە پیویستە پیشتر ئاماژەم بە چەند خالیکی گرینگ کردبێ کە لە راستی‌دا بە بروای من دەتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ دارشتنی ستراتیژیکی واقیع بینانە لەپیناوی چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد لە کوردستانی عیراق:

بروانە ل ٧

# بارودۆخی نالەباری پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە خیوەتگای "ئەڵتاش"

به هەزاران کوردی پەنابەری ئیرانی کە سالانیکی دریژە لە ئوردوگایەکی رۆژئاوای عیراق دا دەژین، لە چاوەروانی چارەنوسیکی نادیار دان. رەوشی پەنابەرانی کورد لە "ئەلتاش" لە پاش روخانی رژیمی بەعسەوە روو لە خراپتر کردووە و رۆژانە بەرەوروی دەست دریژی عەرەبە چەکدارەکانی ئەو ناوچەیە دەبنەوە.

لەم بەینەدا تاکو ئیستا چەندین نەفەریان رفیندراوە و کوژراوە، یان ئەوەی کە بێ سەر و شوین کراوە. بەهۆی ئەو بارودۆخە سەختەوە تەنیا لە ماوەی ٣ مانگی رابردوودا ژمارەی پەنابەرانی ئەو ئوردوگایە لە ١٣ هەزار کەسەوە بوەتە ٣ هەزار کەس. بەشیك لە ئەوانەی کە پیشتر نیشتەجێ ئەو کامپە بوون بەرەو هەریمی کوردستان هەلهاتوون و بەشیکی دیکەش ماوەی ١٦ مانگە لە ناوچەیەکی بێلایەنی نیوان عیراق و ئوردون دا بەرەوروی چارەنوسیکی نادیار بوونەتەوە.

لەماوەی ٣ مانگی رابردوودا بە دوای دەست دریژی عەرەبە چەکدارەکانی ئەو ناوچەیە ١٧ کەس کوژراوە و ٣٦ کەس بریندار و ٢٠ کەسیش رفیندراوە.



پەنابەرانی "ئەلتاش" کە بەهۆی زولم و زۆری رژیمی ئیرانەوە چەندین سال بوو رەوشیکی سەخت و دژواریان لە سایەی رژیمی بەعسدا دەگوزەراند، ئیستا بەشیکی زۆریان بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان بەرەو سنووری ئوردون، هەریمی کوردستان هەل هاتوون.

لە هەریمی کوردستان دا پلانیك بۆ یارمەتی دانی ئەو پەنابەرانە لە ئارادا نیە و ئەوانەی کە روو لە باکوری کوردستان دەکەن دوبارە لە کامپەکانی سەر بە U Nدا لە چاوەروانی و بیلاتەکلیفی‌دا دەمیننەوە. پەنابەرانی سەر سنووری ئوردونیش کە ژمارەیان خۆی لە هەزار کەس دەدات، ماوەی ١٦ مانگە لە رەوشیکی سەخت و دژواردا دەژین و کومیسیونی بالای پەنابەرانی سەر بە U Nیش تاکو ئیستا چارەسەریکی بۆ کیشەکەیان نەدۆزیوەتەوە.

# راپورتیك لە بارودۆخی کریکارانی سەدی "گاوشان" لە شاری کامیاران

بریاروابوو کە ١٢٠٠ قەوارە زەوی ٢٠٠میتری بدریتە ئەو کریکارانەی کە بۆ دروست کردنی سەدی گاوشان کاریان کردووە. ئەم زەویانە لەسەر ریگای سنە و لەلای پازگای شاری کامیارانن و ماوەیەکە تەلیان بەدەوردا کیشاون. بریار وایە کە وەك پاداشی تەواو بوونی سەد ئەم زەویانە بە پولیکی کەم بدرێ بە کریکاران بەلام ئەو ئاغایانە تاکو ئیستا تەنانەت زەیەکانیشیان قەوارەبەندی نەکردووە، ٥٠٠ قەوارەی ئەم زەویانە بەنیو سازمانی ئاوی غەربی کرماشان کراون وە وتوشیان کە تەنیا ٣٠٠ قەوارەی ئەم زەویانە دەدرێ بە کریکاران وە بەهەر کام لە کریکاران کە بۆ خۆیان پەسەندیان کردبوو هەرکەسەی ٢٠٥٠٠٠ تەمەنیان لێ ئەستاندوون و وتویانە کە دوای قەوارەبەندی قیمەتی گشتی زەویەکان رادەگەیەنن وە دوبارە لیرەش دا کەس ناویری کە پییان بلی ئەی ٤٠٠ قەوارەکەی‌تری چی لیدەکەن؟ هەلبەت بێئەوەش مەعلومە کە دەیدەن بە دەست و پیوەندەکانی رژیم لە سازمانی ئیتلاعات.

لە ٧٥ رۆژی رابردوودا نزیکەی ٢٤٠ کەس لە کریکارانی بەشە جۆراوجۆرەکانی سەدی گاوشان لەسەر کار دەرکراون کە چەند کەسیان رەسمی و ئەوانی‌تریان قەراردادی بوون وە بریار وایە کە لە رۆژی ئەوەلی خەرمانانەوە جیا لە ژمارەیەکی کەم لە کریکاران مابەقی کریکاران بەگشتی دەرکەن.

لەماوەی یەك سالی رابردودا تەنیا لە شاری کامیاران نزیکەی ٦٠٠ کەس لە کریکارانی سەدی گاوشان بیکار کراون و تەنیا کەمتر لە ١٠٠ کەسیان بیمەی بیکاریان پیدراوە. بۆ مەسەلەی بیمەی بیکاری، ئەگەر خاوەنکار بلی کە دەرکردنی ئەم کریکارانە بەهۆی تەواو بوونی کارەوەیە، ئەوە بیمە بەو کریکارانە نادرێ.

بۆ وینە شیرکەتی "خاك و سەنگ" ماوەی ٢ مانگە کۆکراوەتەوە بەلام تا ئیستا حەقدەستی بورجەکانی ١ و٢ی کریکاران نەدراوە و کەسیش نیە کە ولامی ئەم کریکارانە بداتەوە.

# ١٢هەزار کرێکاری کوردستانی عێراق لە ئوستانی کرماشان، هەل ومەرجی دژواری ژیان

بەپیی ئاماری راگەیندراو ١٢ هەزار کریکاری عیراقی لە ئوستانی کرماشان خەریکی کارن، خاوەنکاران بە کەلك وەرگرتن لە حەقدەستی کەم و هەروەها نەدانی ماڤ بیمە بە شیوەیەکی غەیری ئینسانی دەیان چەوسننەوە، لە لایەکی‌ترەوە بەرپرسانی رژیم هەبونی ئەو کریکارانە بە هۆکاری بیکاری لەو ئوستانە ناو لێ دەبەن و تۆوی دوبەرەکی لەناو کریکارانی کوردستانی ئەم دیو و ئەودیودەچێنن. حەقدەستی کەم و دابین نەکردنی بیمە بۆ کریکارانی عیراقی لەلایەن خاوەکارانی چاوچنوك و چەوسینەرەوە کردەوەیەکی دژی کریکاری‌یە کە دەبیت لەقاو بدریێت.



# ئیعدامی کچێکی ١٦سال لە شاری " نکا " و نارەزایەتی و تورەیی خەلکی ئەو شارە

لە ماوەی چەند رۆژی رابردودا هەوالی دلتەزینی ئیعدامی کچیکی ١٦ سال تەمەن بە ناوی " ئاتفە رەجەبی " لە راگەنەرە گشتیەکانەوە بلاو بووە. ئیعدامی ئەم کچە بی تاوانە لە بەرچاوی خەلك و لە شەقامی ٣٠میتری هەلکەوتو لە شەقامی راە ئاهەنی "نکا" بەریوە چو و بە پیی هەوالەکان بۆ ماوەی ٤٥ دەقیقە تەرمی ئەم کچە لەسەر دارەوە بووە.

لە وتوویژ لەگەل یەکیك لە راگەینەرەکان دا ژنیك خەلکی شاری " نکا" کە لە نزیکەوە ئەم کچەی ناسیوە دەڵیت: ئەو کچە مندال بوو دەچوە مەدرەسە، بە بروای من ئەو لە باری روحی و رەوانیەوە لە بارودوخیکی باش دا نەبوو، پیم وایە کۆمەڵگای ئیمە تاوانبارە نە ئەو کچە، من لە باری دەرونیەوە لە بیستنی ئەم هەواله تیك چووم. ئەم کردەوە دژ بە عورفی ئینسانیە، ئاخر کام باوەری ئینسانی ئەوە قەبول دەکات کە کچیکی ١٦ سالان بۆ ماوەی ٤٥٤ دەقیقە لە بەرچاوی خەلکەوە لە سیدارەوە بی.

بە پیی هەوالەکان پیاویك کە لەگەل ئەم کچە پیوەندی جینسی هەبووە و ئەم کچە هەر بەو تاوانە ئیعدام کراوە تەنیا ١٠٠ زەربەی شەلاقی لیدراوە.

ئیعدامی لە بەر چاوی خەلك کردەوەیەکی بە دوو قات دژی ئینسانیە. ئیعدامی ئەم کچە ١٦ سال تەمەنە لە شاری " نکا " بەلگەیەکی‌ترە لە تاوانکاری و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی چاو ترسین کردنی خەلك و پیك هینانی فەزای ترس و توقاندن بەریوە دەبات.

## پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

ئیدیتور:

ئیبراهیم عەلیزادە

## کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

Add: Sulimania- Zerguez

Tel:
0044707- 7520- 781
0044707- 7567- 855

Fax: 00447043129273

E-mali:
Komalah@komalah.org

## دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

C.D.C.R.I
BOX 70445
107 25 Stockholm- Sweden
Tel/Fax: 46- 08- 86 80 54
e-mail: cpi@cpiran.org

ئینترنت:

سایتی کۆمەڵە
www.komalah.org

سایتی رادیو کۆمەڵە
www.Radiokomaleh.Com

سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
www.cpiran.org

## نوینەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عیراق

Add: Sulimania- Rezgary

Tel: 3124760 - 3125815:

E-mail:
Komalah@hotmail.com

## نوینەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات

k.k.
p.o.Box 75026
Box: 750 26 uppsala - Sweden
Tel/Fax: 46- 18- 46 84 93
e-mail:
komala@cpiran.org

## دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران:

شەوانە : ٢١تا ٢٢ جومعە بەیانیان ٨ تا ٩

شە پولی کورت ٧٥، ٦٥ و ٤٩ میتر

## دەنگی شۆرشی ئیران (رادیۆ کۆمەڵە):

بەیانی: ٧ تا ٨ نیوەرۆ: ١٣ تا ١٤ ئیواران: ١٨/٣٠ تا ١٩/٣٠
شەوانە: ٢٢-٢٢/٣٠

شەپولی کورت رەدیفەکانی: ٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆهێرتز
٦٥ میتر بەرابەر بە ٤٣٨٠ کیلۆهێرتز ٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆهێرتز